دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨٧

چوارشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٨٧ ـ ٤ی ژوئەنی ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان




بڕیارنامەی
کۆنگرەی چاردەیەمی
حیزبی دێموکراتی کوردستان ٢



پێشکەوتنێکی مێژوویی
زمانی کوردیو هێندێك
تایبە تمەندیی... ٥

## ئەحمەدی نژاد جارێکی دیکە پێی لە سەر لەنێوچوونی ئیسرائیل داگرتەوە

مەحموود ئەحمەدی نژاد بۆ جارێکی دیکە پێی لە سەر لەنێوچوونی ئیسرائیل داگرتەوەو کۆشکی سپیش رایگەیاند ئەم هەڵوێستەی سەرکۆماری ئێران ئەو وڵاتە رۆژ لەگەڵ رۆژ گۆشەگیرتر دەکا.

ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری ئێران لە وتارێك دا لە ساڵرۆژی مەرگی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ جارێکی دیکە پێی لەسەر لەنێوچوونی یەکجارەکیی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی داگرتەوە. بە پێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی ئیرنا ئەحمەدی نژاد رایگەیاند: "رێژیمی تیرۆریستی زایۆنی کە ٦٠ ساڵە کاری مرۆڤ کوشتنو داگیرکارییە، کاتی بەسەر چووەو دەبێ بەم زووانە لە سەر نەخشەی جوغرافیای جیهان بە یەکجارەکی بسڕدرێتەوە."

ئەحمەدی نژاد کە لە کاتی هاتنە سەرکارییەوە بە دەیان جار ئەم وتەیەی دووپات کردۆتەوەو بە وەفادارییەك بە رێبازی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی واتە ئایەتوڵڵا خومەینی دەزانێ کە کاتی خۆی سەبارەت بە ئیسرائیل وتبووی



ئیسرائیل دەبێ لە سەر نەخشەی جوغرافیای جیهان بسڕدرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەر رێکەوتی ١٤ی جۆزەردان دانا برینۆ، وتەبێژی کۆشکی سپی ئەم هەڵوێستەی ئەحمەدی نژادی مەحکووم کردو رایگەیاند کە ئەم هەڵوێستانەی رۆژبەرۆژ ئێران گۆشەگیرتر دەکا.

وتەبێژی کۆشکی سپی هەروەها وتی: بەداخەوە خەڵکی ئێران لەلایەن کەسێکەوە رێبەری دەکرێن کە هیچ گرنگییەك بە بیروباوەڕو داخوازەکانیان نادا و هیچ رێزێك بۆ ئازادی، دێموکراسیو دادپەروەری دانانێ.

## بەرادەعی: وردەکارییەکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران ئاشکرا بکرێ

محەمەد ئەلبرادەعی سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی رۆژی دووشەمە، ٢ ژوئەن لە دەسپێکی دانیشتنی پێنج رۆژەی ئەنجومەنی بەرێوەبەریی کە کارە سەرەکییەکەی تاوتۆێ کردنی بەرنامەی ناوکیی ئێرانە داوای کرد وردەکارییەکانی بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە ئاشکرا بکرێ.

لە دەستپێکی دانیشتنی ٢ی ژوئەنی ئەنجومەنی دادوەریی کە کارە سەرەکییەکەی تاوتوێی بەرنامەی ناوکیی ئێران بوو محەمەد ئەلبەرادەعی خوازیاری ئاشکرا بوونی وردەکارییەکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران بوو. بەرادەعی وتی: ئاژانس پێنج ساڵە خەریکی تاوتوێ کردنی نێوەرۆکی بەرنامەی ناوکیی ئێرانەو کاتیش بەپەلە لە تێپەڕبوون دایە. ئەو هەروەها ڕایگەیاند کە بۆ ئاژانس زۆر گرینگە تا لە یەکەمین دەرفەت دا بتوانێ لەسەر نێوەرۆکی بەرنامەی ناوکیی ئێران بە دەرەنجامێك بگا.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیی خوازیاری ئاشکرا کردنی گشت وردەکارییەکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران بووەو



دەڵێ: هێندێك بەڵگەمان دەست کەوتووە کە نیشان دەدا کۆماری ئیسلامی لە بواری بەکارهێنانی سانتریفیوژە پێشکەوتووەکاندا بۆ پیتاندنی خێرای ئۆرانیۆمو تاقیکردنەوەی تەقەمەنیو هەروەها لێکۆڵینەوە لە سەر کڵاوەی ناوکی چالاکیی زۆری هەبووە.

شایانی باسە کۆماری ئیسلامی لە دژ کردەوەیەك دا لە بەرانبەر قسەکانی بەرادەعیدا رایگەیاند کە ئەو قسانە بێبنەمانو بەرادەعی لە ژێر گوشاری ئەمریکاو رۆژئاوادا ئەو قسە بێبنەمایانەی کردوە.

## سوپای قودس لە ناوچەی سەردەشت خولی راهێنان لەسەر کاری تیرۆریستیی کردۆتەوە



سوپای قودس لکی دەرەوەی سوپای پاسداران لەم دواییانەدا لە ناوچەی سەردەشت خولێکی راهێنانی بۆ کاری تیرۆریستی لە نێوان گوندەکانی "نەڵاس"و "شینوێ" کردۆتەوەو ١٥ تیرۆریست لەودا بەشدار بوون. بەپێی زانیارییەکان ئەم خولە بە سەرپەرستیی کەسێك بە ناوی "حاجی رەزا رەزایی" بەڕێوە دەچێو دوو کەسی دیکەش بە ناوەکانی حاجی قودرەتو رەسووڵ نەجیبی یاریدەدەری ناوبراونو هەروەها چەند بەکرێگیراوێکی خۆجێیش هاوکارییان دەکەن. تا ئێستا نەزانراوە ئەو ١٥ تیرۆریستە بیانین یا خەڵکی ئێرانن، بەڵام بە وتەی ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوەی کە ئەم زانیارییانەی بە "کوردستان" راگەیاندوە زیاتر گومانی ئەوە دەکرێ کە ئەو ١٥ کەسە سەر بە ئەنسارولئیسلام بنو پاش تەواو بوونی خولەکە بۆ کاری تیرۆریستیو تێکدەرانە رەوانەی هەرێمی کوردستانی عێراق بکرێن.

سوپای قودس لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە خراوەتە لیستەی تیرۆرەوەو تاوانبار کراوە کە یارمەتیی میلیشا شیعەکانو گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی نێو عێراق دەکاو چەند حەوتوو لەمەوبەر نووری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی دا کە دەبێ کار بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتانە بکا کە رۆڵی تێکدەرانەی سوپای قودسو ئێران لە عێراق دا دەسەلمێنێ.

## ئەرتەشی تورکیە لە ناوچەی شنۆ تۆپخانە دادەمەزرێنێ

ئەرتەشی تورکیە لە ناوچەی بێمزورتێی شنۆو هەروەها شێخ ئایشی پیرانشار تۆپخانە دادەمەزرێنێ. بەپێ راپۆرتی ماڵپەڕی "کوردستانو کورد" لە چەند رۆژی رابردوودا چەند ئەفسەرێکی پسپۆڕی شەڕی پارتیزانیی ئەرتەشی تورکیە هاتوونەتە ناوچەکانی بێمزورتێی شنۆو شێخ ئایشی پیرانشارو خەریکی دامەزراندنی تۆپخانەیەکی بەهێز لەو دوو ناوچەیەن. دامەزراندنی ئەم تۆپخانەیە پاش ئەو رێککەتنە ئەمنیەتییانە دێن کە مانگی رابردوو لە نێوان دوو وڵات دا بەسترا. شایانی وەبیرهێنانەوەیە لە ساڵی رابردوودا



هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە چەندین جار لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستانو تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان کەڵکی وەرگرتوە.

## هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی کوشتن لە کاسبکارانی سەر سنوور دەکەن

هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە راگەیەنراوێك دا کە لە شاری سەردەشت دا بڵاویان کردۆتەوە کاسبکارانیان وریا کردۆتەوە کە چیتر هاتوچۆی سەر سنوورەکان نەکەنو دەست لە کارەکەی خۆیان هەڵگرن.

لەو راگەیەنراوەدا کە وێنەیەکی دەست "کوردستان" کەوتووە، هەڕەشە لە کاسبکاران کراوە کە ئەگەر لە ئاکامی تەقەی هێزە ئینتزامییەکان بریندار یان بکوژرێن، بۆخۆیان بەرپرسیارنو هێزی ئینتزامی هیچ بەرپرسیارەتییەك وەئەستۆ ناگرێو هیچ لێپرسینەوەیەکیش لە هێزەکانی ئینتزامی ناکرێ.

شایانی باسە لە یەك مانگی رابردوودا گوشاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کاسبکاران پەرەی سەندوەو لەو ماوەیە چەندین کەس بە



تەقەی ئەو هێزانە بریندارو کوژراون. کارناسێکی کۆمەڵایەتی کە ناوەکەی لای "کوردستان" پارێزراوەو خۆی بە سمکۆ زەند ناساند لەمبارەیەوە دەڵێ: ئەم شەپۆلە نوێیە لە گوشارهێنان بۆ سەر کاسبکارانی سەر سنوور پێوەندیی راستەوخۆی بەو شەپۆلە نوێیە لە پەرەپێدان بە دیاردەی جاشێتیەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکان بە تایبەت ناوچە سنوورییەکان لەم دوایانەدا گرتوویەتە بەر. ئەم کارناسە لە درێژەدا وتی: "رۆژ بەرۆژ باری ئابووری ئێران بەرەو خراپی دەچێو گرانیو بێکاری گەیشتوەتە بەرزترین ئاستی خۆیو هەر رۆژە رێژەیەکی زۆی خەڵك دەچنە ژێر هێڵی هەژارییەوە. هەر بۆیە لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت شارە سنووریەکان خەڵك زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بۆ دابین کردنی ژیانیان روو لە سنوورەکان دەکەن. ئەم جۆرە ژیانەش بەلای خەڵکی کوردستانەوە شەرافەتمەندانەترە لەوەیکە ناچار بن روو لە هێندێك کار بکەن کە زیانی بۆ کۆمەڵگا هەبێ یان ناچار بن لە بەرانبەر پاروە نانێك دا هاوکاریی رێژیم بکەن. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ هەر بۆیە دەیەوێ بە گوشارهێنان بۆ سەر کاسبکارانو بەستنی سنوورەکانو... خەڵك زیاتر چاو لەدەستی خۆی بکا."

## ئێران دەیەوێ عێراق بە لاوازی بمێنێتەوە

ناوەندی توێژینەوەی سیاسەتی گشتیی ئەمریکا لە راپۆرتێك دا پەردەی لە سەر ئەوە لاداوە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لە رێگەی تیرۆرکردنی بەرپرسانی پایەبەرزی عێراقییەوە ئەو وڵاتە لە لاوازیدا بهێڵێتەوە.

ناوەندی توێژینەوەی سیاسەتی گشتی ئەمریکا لەم دواییانەدا راپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە کە لەودا پەردە لە سەر پیلانێکی نوێی رێژیمی ئێران بۆ لاواز هێشتنەوەی دەوڵەتی عێراق لادەدا. راپۆرتەکە باس لەوە دەکا کە ئێران دەیەوێ لە رێگەی تیرۆر کردنی بەرپرسانی پایەبەرزی عێراقی بە تایبەت ئەوانەی کە دژایەتیی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتەکەیان دا دەکەن، پەرە بە ئاڵۆزییەکانی نێو عێراق بداو بەو چەشنە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ عێراق لە لاوازیدا بیهێڵێتەوە.

بە پێی ئەم راپۆرتە ئێران چەندین کادری نیزامیی حیزبوڵڵای لوبنانی بۆ کاری راهێنانی گرووپە توندڕەوەکانی عێراق راسپاردوەو بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە چەکی قەناسە کەڵك



وەردەگیرێ.

راپۆرتەکە لە زمانی ئێیچ ئارماکماستێر، راوێژکاری ژنڕاڵ پاتریۆسەوە رایگەیاندوە کە مەبەستی ئێران لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی عێراق ئەوەیە کە ئەو وڵاتە بە لاوازی بمێنێتەوە، هەر بۆیەش تیمی تیرۆری تایبەتی بۆ لەنێوبردنی ئەو کەسانەی کە دژایەتیی دەستێوەردانی ئێران دەکەن، پێك هێناوە.

# بڕیارنامەی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەشی دوویەم‌و کۆتایی

**حیزبی دێموکراتی کوردستان له درێژەی سیاسەتی ئوسووڵی‌و پێشکەوتووانەی حیزبدا، تیرۆریزم له هەموو شکڵەکانی‌دا، به دەوڵەتی‌و نادەوڵەتی‌و ئاشکراو نهێنی‌و تەواوی جۆراوجۆری‌یەکانیەوە بەدەستی هەرکەس‌و دژی هەر کەس‌و له هەر کوێی ئەم جیهانه بێ به دیاردەیەکی دژی ئینسانی دەزانێ‌و، بەتوندی مەحکوومی دەکا**

**٦ـ له سەر تیرۆریزم‌و بن ئاژۆیی ئیسلامی:**

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان له درێژەی سیاسەتی ئوسووڵی‌و پێشکەوتووانەی حیزبدا، تیرۆریزم له هەموو شکڵەکانی‌دا، به دەوڵەتی‌و نادەوڵەتی‌و ئاشکراو نهێنی‌و تەواوی جۆراوجۆری‌یەکانیەوە بەدەستی هەرکەس‌و دژی هەر کەس‌و له هەر کوێی ئەم جیهانه بێ به دیاردەیەکی دژی ئینسانی دەزانێ‌و، بەتوندی مەحکوومی دەکا. لەو بارەیەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی له بەرەی وڵاتان‌و هێزەکانی دژە تیرۆردا دەبینێ‌و ئامادەیە بەپێی تواناو دەرەتانی خۆی بۆ له ریشە دەرهێنانی ئەو دیاردە درێوە هاوکاری بکا.

هەر لەو پێوەندیەدا کۆنگرە بن ئاژۆیی ئیسلامی که ئێستا، بەکاربردنی چەکی تیرۆری وەك گرنگترین ئامراز بۆ بەرەو پێشبردنی ویستەکانی هەڵبژاردوەو له ڕاستی‌دا تیرۆریزمی کردۆتە بەشێك له پێناسەی کەسایەتیی خۆی بەمەحکووم دەزانێ. به باوەری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو بیرو باوەڕێکی ئایینی‌و یەك له گرنگترینیان ئیسلام جێگای ڕێزەو له سەر دەوڵەتان‌و دەسەڵاتبەدەستانە که بواری بەکارهێنانی ڕێوڕەسمی ئایینی بۆ پەیرەوانی هەموو ئایینەکان بڕەخسێنن‌و حورمەتیان بپارێزن. بەڵام هەر لەو کاتەدا باوەڕی وایە که بناژۆیی له هەر فکرو فەلسەفەیەك، بەتایبەتی له فکری ئایینی‌دا حورمەتی فەلسەفەکە دەشکێنێ‌و زیانی پێ دەگەیەنێ. لێرەدا ئەرکی زانایانی پێشکەوتووی ئایینی‌یە که پەیرەوانی خۆیان له جیاوازیی نێوان ئیسلام‌و بن ئاژۆیی ئیسلامی تێ بگەیەنن‌و موسوڵمانانی به بیرو باوەڕ له کەوتنە دوای توندڕەوانی ئیسلامی بگێڕنەوە.

**٧ـ لەسەر دابەشبوونی نێونەتەوەیی سامان:**

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای خۆشحاڵی له پێشکەوتنی ئابووریی جیهانی‌و چوونەسەری ڕادەی داهات‌و سامانی گشتی له بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا، نیگەرانیی خۆی له سیستمی نادادپەروەرانەی دابەش کردنی سامان‌و فرەوانتر بوونەوەی مەودای دەوڵەمەندی‌و هەژاری له جیهان دا ڕادەگەیەنێ. دیاردەیەکی درێوە که له حاڵێك دا له هێندێ وڵات ڕۆژانە بایی سەدان میلیۆن دۆلار بەرماو فڕێ دەدرێتە زبڵدانەکان، له هێندێ وڵاتی دیکه ڕۆژانه سەدان کەس ڕاست‌و ڕەوان له برسان دەمرن.

برسییەتی‌و نەداری له بەشێکی زۆری وڵاتان دا بوونە سەرچاوەی زۆر دیاردەی مەترسیداری وەك: هەژاریی فەرهەنگی، نەخوێندەواری، نەخۆشیی جوراوجۆرو دزی‌و جەردەیی‌و لەشفرۆشی‌و بازرگانی به ئینسان‌و ئەندامەکانی لەشەوە، که ئەمە وێڕای ئەوەی پەڵەیەکی شەرمە به داوێنی مرۆڤایەتی‌یەوە مەترسیی بڵاوبوونەوەی شوێنەوارەکانی، هەڕەشە له وڵاتانی بەختەوەرو پێشکەوتووش دەکا. زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بگوترێ دیاردەی دووبەش بوونی جیهان به وڵاتانی شیمال‌و جنووب یان دەوڵەمەندو هەژار مەترسیی بۆ سەر ئاشتیی جیهانییش هەیەو، هەرنەبێ یەکێك له هۆیەکانی تیرۆرو تیرۆریزمیشە.

بۆیە کۆنگرە ئاواتەخوازە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان به بایەخەوە سەرنج بدەنە ئەو دیاردەیەو به دانی بڕیارێکی کارساز ڕێگای کۆمەگ به پێشکەوتنی ئابووریی وڵاتانی نەدارو کەم داهات تەخت بکەن‌و ئەو مەودا زۆرەی نێوان ژیان‌و گوزەرانی مرۆڤەکان کەم‌و کەمتر بکەنەوە.

**٨ـ دەربارەی هێندێ گیروگرفتی نێوخۆی وڵات:**

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە که بێجگە له کێشەی قووڵی سیاسی که گەلانی ئێران‌و دەسەڵاتی فەرمانڕەوای لێك دابڕیوە، هێندێ گیروگرفتی زۆر گرنگی دیکە هەن که هەم مەودای نێوان دەسەڵاتی سیاسی‌و کۆمەڵ زیاتر قووڵ دەکەنەوەو، هەم هەڕەشە له دوارۆژی خەڵکی ئێران‌و پێوەندیی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەم وڵاتە دەکەن. گرنگترینی ئەم گیروگرفتانە له روانگەی کۆنگرەوە ئەمانەن:

**ئەلف: کێشەی کولتووری:**

وەکوو زۆرجار گوتراوە ئێران، وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. وەختێکیش وڵات فرەنەتەوە بوو، سروشتی‌یە که فرە کولتووریشە. له حاڵێك دا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی حاشا له فرە کولتووریی ئێران دەکاو ڕێزێك بۆ کولتووری نەتەوەکانی ئێران دانانێ. بەرەسمی نەناسینی بوونی نەتەوەی جۆراوجۆر حاشا له بوونی زمان‌و کولتووری جۆراوجۆریشی لەگەڵ دایەو بەم جۆرە هەوڵی یەکدەست کردنی کۆمەڵی ئێران که زیانی گەورەی له هاوپێوەندیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێران داوە هەروا دێ‌و زیاتر ریشە دادەکوتێ‌و نەهادینە دەبێ.

کۆنگرە هەوڵی یەك کولتوور کردنی کۆمەڵی ئێران‌و حاشا لەبوونی نەتەوەی جۆراوجۆرو کولتووری جۆراوجۆر لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی‌یەوە مەحکووم دەکاو، داوا له گەلانی ئێران‌و پێکهاتە کولتووری‌و فەرهەنگی‌یەکانی ئێران دەکا ریزەکانیان پتر یەك بخەن‌و خەباتی خۆیان بۆ بەرەسمی ناسرانی کەسایەتیی نەتەوەیی‌و جۆراوجۆری‌یە فەرهەنگی‌و کولتووری‌یەکانی کۆمەڵی ئێران گەرم‌و گوڕتر بکەن.

مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی‌یەکانی دانیشتووی هەر وڵاتێکە که فەرهەنگ‌و کولتووری خۆیان به ئازادی پەرە پێبدەن‌و له ڕاستی‌دا وەختێك دەکرێ بۆ وڵاتانێکی فرەنەتەوەی وەك ئێران قسە له کولتووری وڵات بکرێ که ئەو کولتووره ئاکامی بەرەسمی ناسرانی کولتووری هەموو نەتەوەکان‌و پێکهێنانی دەرەتانی گەشەسەندن بۆ هەمووان‌و کارتێکردنی هەموو کولتوورەکان بێ.

**ب: هێندێ دیاردەی جێگای نیگەرانی:**

له ئێرانی ئێستادا هێندێ دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵداوەو له پەرەگرتن دان که به توندی هەڕەشە له دوارۆژی ئەم وڵاتە دەکەن. ڕاکردنی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات له ئاکامی بوونی کێشەی جۆراوجۆر به تایبەت نەبوونی ئاسۆی پەروەردەو پێگەیشتن دا، بڵاوبوونەوەی سەرسووڕهێنەری کەرەسە هۆشبەرەکان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی‌یە دەروونی‌یەکان، دابەزینی تەمەنی ئالوودە بوون به کەرەسە هۆشبەرەکان، دیاردەی لەبەریەك ترازانی شیرازەی بنەماڵەو زۆربوونی تەڵاق‌و قەتڵی ناموسی، دوارۆژێکی پڕمەترسی له پێش چاوی کۆمەڵی ئێران زەق دەکاتەوە. باش دەزانین که دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەك هەر بەرامبەر بەو دیاردە دزێوانە خۆی به بەرپرس نازانێ، بەڵکوو زۆر جار ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەرەشیان پێدەدا.

به باوەڕی کۆنگرە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵە که وێڕای وشیارکردنەوەی خەڵك له مەترسی‌یەکانی ئەو دیاردانەو هاندانیان بۆ بزووتنەوەی ئیعترازی، تێبکۆشن به دروست کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چەندی بۆیان دەکرێ بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو ئەو دیاردە دزێوانە بکەن‌و وشیاری چارەنووسی قوربانی‌یەکانیان بن. لەسەر حیزبە سیاسی‌یەکان‌و یەك لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانیشە که به پێی توانا، بەربەرەکانیی هەموو ئەو دیاردانە بکەن‌و به کاری فەرهەنگی‌و به وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بنبڕکردنیان هەوڵ بدەن.




**خالید عەزیزی:**

## فەلسەفەی پێکهاتنی حیزبی دێموکرات بەڕێوەبردنی وڵات‌و خەباتی مەدەنی‌و ئاشتیخوازانەیە



بەڕێز خالید عەزیزی وتەبێژی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٠ی جۆزەردان له کۆبوونەوەیەك دا له ناوەندی ٣ی کوردستان که ژمارەیەکی بەرچاو له ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب له پارێزگای هەولێرو خوێندکارانی لایەنگری حیزب له زانکۆی سەلاحەدین تێیدا بەشدار بوون جەختی له سەر ئاشتیخوازانەبوونی خەباتی گەلی کورد کردەوەو وێڕای وەبیرهێنانەوەی فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: فەلسەفەی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر له سەرەتاوە بەڕێوە بردنی وڵات‌و هەروەها بەڕێوەبردنی خەباتی مەدەنی‌و ئاشتیخوازانە له پێناو دەستەبەر کردنی مافەکانی کوردا بووە.

وتەبێژی کومیتەی ناوەندی له بەشێکی دیکە له قسەکانی‌دا سەبارەت به خەباتی چەکداری‌و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: ئەم شێوازە خەباتە شتێك نەبووە که حیزبی دێموکرات به دڵخوازی خۆی هەڵی بژاردبێ، بەڵکوو لەلایەن دوژمنانەوە به سەر گەلی کوردو حیزبی دێموکرات دا سەپاوەو تەنانەت حیزبی دێموکرات هەمیشە لەم شێوازە خەباتەش له چاوچێوەی ئاشتیخوازانەدا کەڵکی وەرگرتووەو هەموومان دەزانین له هەموو شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاخ‌و دوڵ نیە که پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات حەماسەی بەرنگاری‌و قوربانی تێدا تۆمار نەکردبێ.

بەڕێز خالید عەزیزی له تەوەرێکی دیکەی قسەکانی‌دا بارودۆخی سیاسی ئەوڕۆی ئێران‌و هەروەها کێشەی ئەو وڵاتە لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەڵسەنگاندو ڕەخنەی له هێندێك لایەنی نێگەتیڤی دیپلۆماسی ڕۆژئاوادا له بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا گرت‌و وتی: کێشەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران بەداخەوە له بواری ئەمنیەتی‌دا کورت بۆتەوەو زیاتر بەرنامەی دەستڕاگەیشتنی ئێران به چەکی ناوکی‌و هەروەها پشتیوانی ئێران له تیرۆریزمی جیهانی بۆ ڕۆژئاواییەکان گرینگەو گرینگییەکی ئەوتۆ به بوارەکانی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ له ئێران، نەبوونی دێموکراسی‌و هەروەها پێشێل کرانی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی نێو ئێران یەك لەوان گەلی کورد نادەن. له کاتێکدا ئەم بوارانە پتر به لای خەڵکی ئێران‌و گەلانی ئێرانەوە گرینگە. وتەبێژی کومیتەی ناوەندی له بەشێکی دیکه له قسەکانی‌دا هەر لەمبارەیەوە وتی: ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان له دیپلۆماسی خۆمان دا له دنیای دەرەوە له دانیشتنەکانمان دا لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکادا هەوڵمان داوە که ئەم کەماسییە گەورەیە لەوان بگەیەنین‌و پێمان ڕاگەیاندوون که ئەگەر تەنانەت لەگەڵ ئێران به هەندێك ڕێککەوتن بگەن، ئەوا به دڵنیاییەوە کاتی دەبێ، چونکە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێك نیە که تا سەر به هیچ ڕێککەوتنێك پابەند بێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە که دەبێ ڕۆژئاوا داخوازی خەڵکی ئێران‌و گەلانی ئێران بخوێنێتەوەو له دیپلۆماسی خۆیاندا لەگەڵ ئێران ڕەچاویان بکات.

بەڕێز خالید عەزیزی له تەوەرێکی دیکه له کۆبوونەوەکەیدا ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئامادە بووان هەڵسەنگاندو به کۆنگرەیەکی سەر کەوتووی له قەڵەم داو جەختیشی کردەوە که دەبێ لێبڕاوانە کار بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بکرێ.

وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی هەروەها ئاماژەی به کۆنگرەی داهاتووی هاوڕێیانی پێشوو کردو هیوای خواست که وەك چۆن کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئازایانەو به ڕەخنە له خۆگرتن توانی به خۆی‌دا بچێتەوەو به پەسند کردنی زۆر بڕیاری گرینگ گەلی کوردو دۆستانی خۆشحاڵ بکا، ئەوانیش بتوانن کۆنگرەیەکی سەر کەوتوویان هەبێ‌و ببێتە مایەی لێك تێگەیشتن‌و لێك نزیکبوونەوە.

شایانی باسە له بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشداران له کەش‌و هەوایەکی دێموکراتیك دا پرسیارو ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان هێنایە بەرباس‌و دواتر لەلایەن کاك خالید عەزیزی‌یەوە وەڵامیان درایەوە.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب‌و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## سەردانی هەئیەتێکی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی لە کۆمیتەکانی حیزب لە باشووری کوردستان

شاندێکی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بە بەرپرساتیی برایم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بە مەبەستی شیکردنەوەی ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزب ڕۆژانی ٢٧و ٢٨و ٢٩ بانەمەڕ سەردانی چەند کومیتە وەك باریکە، شاری دەربەندیخان، گوندی باوەنوور، شاری کەلارو شیرەوەنیان لە باشووری کوردستان کرد.

پێویستە بگوترێ لەو سەردانەدا وێڕای ساخکردنەوەو ڕێکخستنی کاروباری نوێی کۆمیتەکان، شاندی ناوبراو بڕیارو پەسندەکانی کۆنگرەی ١٤ی وەکوو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ، گۆڕینی دروشمی ستراتیژی، دابەشینی دەسەڵات بەشێوەی فیدراڵیو ئاسۆیی، گرینگیدانی کۆنگرە بە ڕۆڵی ژنانو لاوان، خەباتی مەدەنی، پێکهاتنی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، ڕێکخستنی نێوخۆی وڵات، پێویستیی لێك نزیك بوونەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتو ... شیکرانەوەو هەروەها پێشنیارو ڕەخنەی ئەندامان وەرگیراو وەڵامو ڕوونکردنەوەی پێویستیان پێدرایەوە.

## نارەزایەتیی حیزبی چەپی سوئێد لە کوشتنی کاوەی عەزیزپوور

حیزبی چەپی سوئێد لە نامەیەك دا بۆ مەحموودی ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری ئێران کە لە لایەن ئالیس ئەستێرم جێگری سەرۆکی ئەو پارتەو ئامینە کاکەباوە پارلمانتارو ئەندامی حیزبی چەپەوە واژۆ کراوە، مەرگی کاوە عەزیز پوور بەندکراوی سیاسیی کورد لە ژێر ئەشکەنجەدا بە توندی مەحکووم دەکاو ئەم ڕووداوە بە نیشانەی ئەوپەڕی بێ ڕەحمیو وەحشیگەریی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دادەنێ.



لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە کە کاوەی عەزیزپوور بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکییەوە گیانی لەدەست داوە ئەم هەڵسوکەوتەی پۆلیسی ئەمنیەتی جیا لە کوشتنی بە ئەنقەستی ئەو بەندکراوە سیاسییە کوردە هیچ واتایەکی دیکە ناگەیەنێ. هەروەها پارتی ناوبراو لە نامەکەیدا بۆ سەرکۆماری ئێران وێڕای مەحکووم کردنی نەبوونی ئەمنیەتی یاسایی لە کۆماری ئیسلامیدا، داوای ئازادی تێکڕای زیندانیانی سیاسی لە ئێران کردووە.

## بڕیاری زیندان بۆ چالاکێکی کورد بڕایەوە



کاوە پەرویزی چالاکی سیاسیی کورد کە نزیك بە دوو مانگ لەمەوبەر بە تاوانی پڕوپاگەندە بەدژی ڕێژیمو ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردستانی دەسبەسەر کرا بوو، لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری سنەوە بە ٦ساڵ زیندان مەحکووم کرا. دەوترێ کە ئەم حوکمە دواتر لەلایەن دادگای پێدا چوونەوەوە بۆ ٤ساڵ کەم کراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتی ای جۆزەردان سێ چالاکی کوردی دیکە بە ناوەکانی بەختیار ڕەحیمی، کەریم داتوپەرو سامان ئەحمەد ڕەشید بانگ کراونەتە لکی تایبەتی دادگای شۆڕشی تارانو داویین بەرگرینامەی خۆیان پێشکەش بە دادگا کردوە. ئەو سێ کەسە ساڵی ڕابردوو بە تاوانی هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی، لایەنگری لە حیزبێکی کوردستانیو سنووربەزاندن دەسبەسەر کرانو دواتر بۆ بەندی ٢٠٩ زیندانی ئێوین گوازرانەوە.

## سنە : دەسبەسەرکرانی چالاکێکی سیاسی

چالاکێکی سیاسی خەڵکی سنە بەناوی تەها ئەحمەدی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ هێزێکی کوردستانی لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەرو ڕەوانەی زیندان کرا. دەوترێ ناوبراو پێشتریش چەندین جار بە هەمان تاوان دەسبەسەر کراوە.

## محەمەد سەدیقی کەبوودوەند دادگایی کرا

سەرۆکی دەسبەسەر کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە دادگایەکی داخراودا بە تاوانی هەنگاونان دژی ئاسایشی نەتەوەیی دادگایی کرا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکی خەبەریدا ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە ڕۆژی یەکشەمە، ٥ی جۆزەردان بە تاوانی هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی دادگایی کرا. دانیشتنی دادگا نزیك بە کاتژمێرێکی خایاندو لە پشت دەرگای داخراودا بەڕێوەچوو.

دەوترێ سەرۆکی دادگا بڵاوبوونەوەی هەر چەشنە هەواڵو زانیارییەکی سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دادگایی کەبوودوەند تا کاتی ڕاگەیاندنی حوکمەکەی قەدەغە کردوە.

## ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پشتیوانیی خۆی لە فەرزاد کەمانگەر دەربڕی



بەدوای پشتڕاست کرانەوەی حوکمی ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر لەلایەن وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری کۆماری ئیسلامییەوە لە لە ڕێکەوتی حەوتی جۆزەردان، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیاندراوێك دا نیگەرانیی خۆی لە ئەگەری ئێعدامی ناوبراو لە ماوەیەکی نزیك دا دەربڕی.

فەرزاد کەمانگەر کە بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ خوداو پێوەندیی کردن بە حیزبێکی کوردییەوە ئەو حوکمەی لە لایەن لکی ٣٠ دادگای شۆڕشەوە لە ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕی ١٣٨٦ بە سەردا سەپا، ڕۆژی حەوتی جۆزەردانی ١٣٨٧ لەلایەن وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەرییەوە پشت ڕاست کرایەوە.

هاوکات دوو کەسی دیکەش بە ناوەکانی عەلی حەیدەریانو فەرهاد وەکیلی کە لەگەڵ فەرزاد کەمانگەر پووشپەڕی ١٣٨٥ لە تاران دەسبەسەر کراون، وێدەچێ بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم درابن، بەڵام ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ نیگەرانن کە ئەو دوو کەسەش بە ئێعدام مەحکووم کرابێتن.

پێویستە بگوترێ فەرزاد کەمانگەر لەو ماوەیەدا لە زیندانەکانی سنە، کرماشانو تاران ڕاگیراوەو بەردەوام لە ژێر ئەشکەنجەی توندا بووە، بە جۆرێك کە ناوبراو بەو هۆیەوە لاقو دەستێکی لەرزۆك بوون.

## گرووپی دژی گەلیی تەواب لە کوردستان دادەمەزرێ

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە ناوخۆی وڵاتەوە بە ماڵپەڕی "کوردستانو کورد" گەیشتوە، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی دامەزراندنی گرووپێکی دژی گەلی بە ناوی تەوابی کوردستانەو، ئامادەکاری پێویستی لە چەشنی دیاری کردنی بوودجەو چۆنیەتیی ڕێکخستنیان بۆ کراوە. دەوترێ ئەم گرووپە هاوتەریب لەگەڵ هێزەکانی بەسیجو جاشەکان بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ هەرچەشنە جموجۆڵێکی کۆمەڵانی خەڵك بە دژی ڕێژیمو خۆ ئامادەکردن بۆ هەرچەشنە پێشهاتو ڕووداوێکی ناوچەیی کە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بورووژێنێو هەروەها سیخوڕی کردن لەسەر سنوورەکان پێك هاتووە.

بەپێی وتەی ئەو سەرچاوانە ئەم گرووپە زیاتر ئەندامەکانی لە کۆنە جاشەکانو هەروەها ئەندامانی تەسلیمیی حیزبە کوردستانییەکان کە ئێستا هاوکاری ڕێژیم دەکەن، پێك دێو هەندێك کاری تێکدەرانەیان لە دەرەوەی سنوورەکان بەتایبەت لە باشووری کوردستان لە چەشنی هاوکاریی گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکانو بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەرو کۆنتڕۆڵی هاتوچۆی ئەندامانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو ... پێ دەسپێردرێ.

بڕیارە ئەم گرووپە سەرەتا لە شارەکانی ورمێ، مەهاباد، شنۆ، سەردەشت، پیرانشار، بۆکان، سەقزو نەغدە پێك بێو دواتر بۆ شارەکانی دیکە پەرەبستێنێ. ئەو گرووپە هەروەها هەوڵ دەدا کە ئەو بەشە لە لاوانی کورد کە لەژێر کاریگەریی هەندێك مەلای توندڕەودا کەوتوونەتە داوی ئیسلامی سیاسییەوە، لە ڕیزەکانی خۆی دا جێ بکاتەوەو بەم چەشنە بیانخاتە خزمەتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی بزووتنەوەی کوردستان.

## کوژرانی سەرهەنگێکی ڕێژیم لە بانە

ڕێکەوتی٢ی جۆزەردان سەرهەنگێکی ئیدارەی بەربەرەکانێ لەگەڵ شتومەکی قاچاخ بەناوی سەرهەنگ بەهارلوو لە گەڕەکی "خوڕی ئاواییەکان" ی بانە لەلایەن دوو ماتۆرسوارەوە تەقەی لێ دەکرێو دەکوژرێ. بەپێی سەرچاوەی هەواڵی "کوردستانو کورد" لە بانە هۆکاری کوشتنی نابراو بۆ سەرەڕۆییو ئازارو ئەزیەتی خەڵکی بێدەرتانو هەروەها گەندەڵیی ئەخلاقی دەگەڕێتەوە. خەڵکی بانەو ناوچەکانی دەوروبەری بەتایبەت کاسبکاران پێشتر لە کردەوە سەرەڕۆیانەکانی وەزاڵە هاتبوونو ڕێژیمیش دەستی ئەوی بۆ هەر چەشنە ئازارو ئەزیەتێکی خەڵك ئاوەڵا کردبوو، هەر بۆیە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی سەرهەنگ بەهارلوو بووە هۆی خۆشحاڵیی دانیشتوانی بانە.

## شۆڕش گۆڵکار بانگ کرایە دادگا

بە پێی هەواڵی ئاژانسی موکریان نیوز ناوبراو دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا خۆی بە دادگا بناسێنێ.

پێویستە بگوترێ ناوبراو پێشتر لە دوو دۆسیەی جیاوازدا بە ٩١ ڕۆژ زیندانی بە تاوانی سنوور بەزاندنو ٢ ساڵ زیندانی بە تۆمەتی هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی مەحکووم کرا بووو کە لە دادگای پێداچوونەوەدا بۆ ٤ مانگ حوکمەکەی داشکا.

## تەندروستیی کاوە جەوا نمەرد لە زیندان دا روو لە خراپ بوونە

کاوە جەوانمرد ڕۆژنامەنووسی کورد لە زیندانی مەراغە تووشی نەخۆشی هاتووەو باری تەندرووستی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوا. کاوە جەوانمەرد ڕۆژنامەنووسی بەند کراو لە گرتووخانەی مەراغە تووشی نەخۆشی جەرگ هاتووەو باری تەندروستی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوا، بە پێی هەواڵێك کە ئاژانسی هەواڵدەری موکریان بڵاوی کردۆتەوە پزیشکەکەی پێی ڕاگەیاندوە کە دەبێ ناوبراو هەر سێ مانگ جارێك بە تەواوی تێستی پزیشکیی بۆ بکرێ. ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردە کە ئێستا نزیك بە ١٨ مانگی لە ماوەی حوکمەکەی تێپەڕ کردوە، لەلایەن دادگای شۆڕشی سنەوە بە تاوانی شەڕ لەگەڵ خوا بە ٢ ساڵ زیندانو دوورخرانەوە بۆ مەراغە حوکم درابوو.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان دا

ڕێکەوتی ٢ی ژوئەن بە بۆنەی ٣٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان (١/٦) ڕێورەسمێکی تایبەت بەم یادە بە بەشداریی شاندی زۆربەی حیزبە کوردستانیو کەسایەتییە نیشتمانییەکانی پارچە جۆراجۆرەکانی کوردستان لە هۆڵی "هونەر"ی شاری سلێمانی پێك هات. لەم ڕێوڕەسمەدا کە شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبو کەسایەتیی ناسراوی کوردو هەروەها کاك کەماڵ کەریمی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر بانگهێشتنی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بەشداریی کردو پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. دەقی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**

لەگەڵ سڵاو و ڕێزی زۆر،

لەلایەن دەفتەری سیاسییەوەو بە ناوی کومیتەی ناوەندیو سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی سیوسێهەمین ساڵی تێکۆشانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەگەرمی لە ئێوەو لە ڕێگای ئێوەوە لە سەرجەم تێکۆشەرانو ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان پیرۆزبایی دەکەین.

دۆستانی بەڕێز!

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەئاکام گەیاندنی خەباتی نەتەوەییو ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، لە سەرخستنی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە عێراق دا، ڕۆڵێکی حاشا لێنەکراو و جێگای شانازیی هەیە. ئەم دەسکەوتانەی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بە دەستی هێناون، ئەگەر لەلایەکەوە بەرهەمی خەباتو قوربانیدانی یەکیەتیی نیشتمانییو هێزە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشەی کوردستانە، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمی ئەو یەکیەتییو هاوخەباتیو هاوپەیمانییەیە کە هێزو ڕێکخراوە بەرپرسەکانو لە سەرووی هەمووانەوە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان، پێکیان هێناوە.

ئێمە شانازی بە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستاندا دەکەینو هیواداریین ئەو دەسکەوتانە، لە سێبەری وریایی سیاسیی سەرکردایەتیی کوردو یەکیەتیی ڕیزەکانی نەتەوەکەمان دا، ڕوو لە زیادبوون بنو سەقامگیر بکرێن. ئارەزووش دەکەین خەڵکی عێراقو نەتەوەکەمان لەو وڵاتەدا لە بەرەکەتی هاوبەشیی کورد لە دەسەڵاتی سیاسیی عێراق و لە سێبەری پارلمان و حکوومەتی کوردستان دا، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاشتیو ئاسایش، پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و قوولبوونەوەو پەرەگرتنی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بەخۆوە ببینن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێزانینەوە ئاوڕ لە ڕابردووی پێوەندیی دۆستانەی خۆی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەداتەوە و لەسەر بەهێز کردنی پێوەندیی دۆستانە و برایانە پێ دادەگرێتەوە.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم یادە شکۆدارەتان لێ دەکەین و بۆ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بۆ نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان، سەرکەوتن و سەربەرزیی زیاتر بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٠٠٨/٦/١

## کوژرانی کاسبکارێکی دیکەی بۆکانی بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکان

شەوی ١١ی جۆزەردان کاسبکارێکی لاوی خەڵکی بۆکان بە ناوی ئاوات مەدەنی لە ڕێگای تیکاب دەکەوێتە بەر تەقەی هێزە ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامیو لە ئاکام دا ناوبراو گیانی لە دەست دەدا. تا گەیشتنی ئەم هەواڵە تەرمی ناوبراو لە بیجار ڕاگیراوە و ڕادەستی بنەماڵەکەیانی نەکراوەتەوە.

# هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانەی بۆ كۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموكراتی كوردستان هاتوون

## پەیامی كومیتەی ناوەندیی كۆمەڵە
## (رێكخراوی كوردستانی حیزبی كومونیستی ئێران)

**بەڕێزان! بەشداربووانی كۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموكراتی كوردستان**

**سڵاوێكی گەرم،**

بە بۆنەی دەست پێكردنی كاری كۆنگرەكەتانەوە پیرۆزبایی-تان لێدەكەینو هیوای سەركەوتن بۆ كۆنگرەكەتان دەخوازین.

بەڕێزان! ئەو كۆنگرەیەی ئێوە لە هەلومەرجێك دا بەڕێوە دەچێ كە خەڵكی چەوساوەو ستەم لێكراوی كوردستان سەرەڕای دەیان ساڵ خەباتو موقاوەمەت بەرامبەر بە رژیمی پاشایەتیو رژیمی ئیسلامی لە سەنگەری جۆراوجۆردا، بەداخەوە هەروا لە ژێر دەسەڵاتی ستەمكارانەدا لە سەرەتاییترین مافی ئینسانیی خۆی بێبەش كراوەو كرێكارو زەحمەتكێشی ئەو وڵاتە لە ژێردەستیی خاوەنانی سەرمایەو دەوڵەتەكەیان دا بە بێ-بەزەییانەترین شێوە دەچەوسێنەوە. ئەو خەڵكە خەباتكارو مافخوراوە شیاوی گەورەترین رێزلێنانو درەوشاوەترین سەركەوتنە. بەڵام ئەو ئاواتە شەریفە بەدی نایەت مەگەر ئەوەی چەند سەرەتایەكی ئەساسی لە رەوتی خەباتی روو لە پێشی خەڵكی كوردستان دا سەقامگیر بێتو جێبكەوێ.

**یەكەم:** خەڵكی كوردستان بۆ سەركەوتن پێویستە بە هێزی لەبن نەهاتووی خۆی پشت ئەستوور بێو دەرسو ئەزموونەكانی خەباتی رابردووی بكا بە چرای رووناكی بەخشی رێگەی داهاتووی. ئەو سیاسەتو ستراتێژییە كە مافی رەوای دیاریكردنی چارەنووسی گەلی كورد تا ئاستی دابەشكردنی دەسەڵات لە گەڵ دەوڵەتی ستەمكاردا دەشكێنێ یان وەدی هاتنی ئەو مافە بە بەرژەوەندیی زلهێزەكانی جیهانی سەرمایەداری-یەوە گرێ دەداتو جەماوەری خەڵك بەرەو چاوەڕوانیو هیوای بێبنەما دەبات، پێش هەموو شتێك ئەو ئەزموونە مێژوویی‌یەی لە ژێر پێناوە.

**دووهەم:** ئازادیی رادەربڕینو هەڵسووڕانی سیاسیو حیزبیو پیشەییو مەدەنی بە بێ بەستنەوەی بە هیچ چەشنە مەرجو بەربەستێك مافێكی حاشا هەڵنەگری خەڵكی كوردستانەو پێویستە لە كۆمەڵگای كوردستان دا بە رەسمی بناسرێو ئاسۆی كوردستانی رزگاركراو ژیانی ئازادو سەربەرزانەی هەموو كۆڕو كۆمەڵو تاكەكانی بێت.

**سێهەم:** دەسەڵات مافی بێ ئەولاو ئەولای جەماوەری خەڵكەو ئەو مافە لە سەر بناغەی دەنگی ئازادانەی كۆمەڵانی خەڵك بینا دەكرێ. كەس بۆی نیە ئەو مافە سەرەتایی‌یە پێشێل بكات. هەوڵدانی حیزبو رێكخراوە سیاسی‌یەكانی هەڵسووڕاو لە كوردستان لە پێناوی سیاسەتو رێبازی حیزبەكەیان دا تەنیا لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ شەرعیەتی هەبێ.

**چوارەم:** پێویستە هەموو ئەو كەلێنو كەلەبەرانەی رێگا بە دەوڵەتی مەركەزی دەدەن كە لە دژی خەڵكی خەباتكاری كوردستان پیلانگێڕی بكات، پڕ بكرێنەوە. لەوانە هیچ لایەنێك بۆی نەبێ بە دوور لە چاوی خەڵك و بەتەنیاو لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزبەكەی خۆیدا لەگەڵ دەوڵەتی ستەمكاری مەركەزی پێوەندی بگرێتو یان رێك بكەوێ. ئەو جۆرە پەیوەندی گرتنانە مەحكووم بكرێو ئەو جۆرە رێككەوتنانە بێ-بایەخ بژمێردرێن.

**پێنجەم:** سەرەنجام، هەرچەشنە دەست بردنێك بۆ چەك لە پێناوی كێشەو ناكۆكیی ناو حیزبە سیاسی‌یەكانی كوردستان، بە جیاوازیی بیروڕاو بەرنامەو ستراتێژیی سیاسیو پێگەی چینایەتییشەوە وەكوو تاوان بژمێردرێ.

بەڕێزان! بە بڕوای ئێمە ئەمانە لانیكەمی ئەو چاوەڕوانییانەن كە ئەمڕۆ خەڵكی تێكۆشەری كوردستان لە هەموو لایەنەكانی هەیە. كۆمەڵە (رێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران) خۆی بە هەموو ئەو مەرجانەی سەرەوە پابەند دەزانێ و بەكردەوە بەڕێوەیان دەبات.

جارێكی دیكە پیرۆزبایی بەستنی كۆنگرەكەتان لێدەكەینو هیوادارین كۆنگرەیەكی سەركەوتووتان هەبێ.

كومیتەی ناوەندیی كۆمەڵە
(رێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران)
١٠ی ژانویەی ٢٠٠٨ی زایینی
٢٠ی بەفرانباری ١٣٨٥ ی هەتاوی

## پەیامی كۆمیتەی ناوەندیی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران

بۆ چواردەهەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستان - ئێران
برادەرانی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستان - ئێران!
بەرێزانی بەشدار بوو لە چواردەهەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكرات!

سڵاوێكی گەرمو دۆستانە لە گەڵ پیرۆزبایی گەرمی خۆمان بە بۆنەی بەستنی كۆنگرەكەتان پێشكەش بە ئێوەی بەڕێز دەكەین.

هیوادارین لە ئەجیندای باسەكانی كۆنگرە یەكگرتووییو لێك نیزیك بوونەوەی هێزە سیاسییەكانی كوردستان جێگایەكی شیاوی بۆ دەستەبەر بكرێ. ئەو راستییە كە بزووتنەوەی كورد ئەزموونێكی دوورودرێژ لە خەبات لە پێناو داخوازە رەواكانی خۆی هەیە، جێی خۆیەتی زیاتر لە جاران ببێتە هەوێنی یەكگرتوویی خەباتی نەتەوە بندەستەكانی ئێران لە دژی هەڵاواردنو ستەمو سەركوتی كۆماری ئیسلامی.

بە هیوای سەركەوتنتان
كۆمیتەی ناوەندیی كۆمەڵەی شورشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران
٢٠٠٨/١/١٩

## پەیامی كۆمیتەی رێبەرایەتیی كۆمەڵە- رەوتی چاكسازی

**بەڕێزان نوێنەرانی بەشدار لە كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستان!**

**بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسیو كۆمیتەی ناوەندی!**

لە لایەن كۆمیتەی رێبەرایەتیی كۆمەڵەوە پیرۆزبایی بەستنی ئەم كۆنگرەیەتان لێدەكەینو هیوادارین كە كۆنگرە لە ماوەی كارەكانی خۆیدا بتوانێ سەركەوتووانە ئەركەكانی خۆی بەجێ بهێنێو لە هەلومەرجی سیاسیی كوردستانو ئێرانو ناوچەكەدا، جێگایەكی شیاو بۆ خۆی دەستەبەر بكات.

بەڕێزان! ئەم كۆنگرەیە لە هەلومەرجێكی زۆر هەستیاری سیاسی لە ئێرانو لە كوردستانو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕێوە دەچێت. درێژە كێشانی ئیستبدادی مەزهەبیو دیكتاتۆری‌یەكی رەش لە ئێران، كە نزیك بە ٣٠ ساڵە كوردستانی كردووەتە پادگانێكی گەورەی نیزامی، كۆمەڵگای ئێرانی لە هەموو بوارەكانی ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسیو مێژوویی لەگەڵ قەیرانێكی قووڵ بەرەوڕوو كردووەتەوە. نەك تەنیا لە ئێران بەڵكوو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەركەوتنی بزاڤە دێموكراتیكو ئازادیخوازەكان لە گرەوی لەگۆڕ نانی رژیمی كۆماری ئیسلامی دایە. هەربۆیە هێزە سیاسی‌یەكانی كوردستان كە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا زۆرترین بەرەنگارییان دژی ئەم رژیمە رێك خستوە، پێویستە بتوانن لە داهاتووی ئێران دا جێگایەكی شیاو بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستانو مافە بنەڕەتییەكانی گەلی چەوساوەی كورد دابین بكەن.

لە كوردستان كە بە شانازییەوە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا توانیویەتی بە دژی داگیركەریو داپڵۆسینو لەشكركێشیو تێرۆر بزووتنەوەیەكی گەورەی جەماوەری رێك بخات، شاهیدی گەلێك گۆڕانی گەورەی كۆمەڵایەتین كە بەرەو ئەوە دەچێت كوردستان هەرچی زیاتر لە كۆمەڵگای پێشكەوتووو مۆدێرنی ئەمڕۆیی نزیك بكاتەوە. بێگومان ئەم گۆڕانكاریانە ناتوانێ لە سیاسەتو ستراتێژیو بەرنامەی سیاسیی حیزبەكانی كوردستان دا رەنگ نەداتەوە. هەر ئەم گۆڕانكاریانەیە كە كاری كردووەتە سەر حیزبەكان لە كوردستانو دەتوانین بڵێین سەرچاوەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕو تەكانو شەكانەی ناو حیزبەكان بە تایبەت هەر دوو حیزبی كۆمەڵەو دێموكرات كە رابەریی بزاڤی رزگاریخوازانەی كوردستانیان لە ئەستۆ بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانكاری‌یە كۆمەڵایەتییە گەورەیەی كە كوردستانی لە مێژووی رابردووی خۆی جیا كردووەتەوە. ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە حیزبەكانی كوردستان دەبێ بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕانە رێك بخەنو بە پێداچوونەوە بە بەرنامەو ستراتێژیی خۆیان، ئەركی مێژوویی خۆیان بەجێ بهێنن.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش شەپۆلی گەورەی گۆڕانكاری كاری كردووەتە سەر گۆڕانكارییە بنەڕەتی‌یەكانو لەم نێوەدا دۆخی كوردو بزاڤی رزگاریخوازانەكەی لە هەموو پارچەكانی بایەخو جێگایەكی تایبەتی پەیدا كردوە. لە كاتێك دا كە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاگری تێرۆریزمو بونیادگەراییو كۆنەپەرستی‌دا دەسووتێت، بزووتنەوەی كورد توانیویەتی گەلێك رواڵەتی پێشكەوتنخوازانەو دێموكراتیكو ئەمڕۆیی بەخۆوە بگرێ. هەربۆیە دەتوانێ سەرنجی زۆرترین هێزە دێموكراتیكەكان لە سەرتاسەری جیهان بەرەو لای خۆی بكێشێت.

گەشەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە كوردستانی ئێران، لە وەها هەلومەرجێك دا، هەم دەتوانێ دۆخی كورد لە ناوچەكە بەهێز بكاتو هەم لە گەشەی بزاڤی كوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، بە قازانجی پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی كوردستان كەڵك وەرگرێ.

بەڕێزان!

كۆنگرەی ئەمجارەی ئێوە لە بەردەم گەلێك پرسیارو گەلێك داخوازو گەلێك چاوەڕوانی‌دا بەڕێوە دەچێت. ئێوە وەك بەشێك لە ئەزموونی حیزبی دێموكرات كە زۆرجار لە زمانی خۆتانەوە دڵنیگەرانیی خۆتان بۆ لەتبوونی دەربڕیوە، دەتوانن‌و پێویستە وەڵامی گونجاو بە چاوەڕوانییەكان بدەنەوە.

بزووتنەوەی رزگاریخوازیو نەتەوەیی كوردستان لە ئێران زیاتر لە هەر كاتێك پێویستیی بە یەكڕیزیو تەبایی هێزە سیاسی-یەكانی هەیە. ئەگەر چەند ساڵی رابردوو كێشە ناوخۆیی‌یەكانی حیزبەكانی كوردستان تا رادەیەك هێزی ئەم بزووتنەوەیەی بەشو بەشو لەت لەت كردوە، پێویستە بتوانین لە ساڵانی داهاتوودا یەكڕیزیو هاوخەباتیو هاودڵی لە ناو بزووتنەوەكەدا بەهێزتر بكەین. ئەگەر ئەم دابەشبوونو لەتبوونانە هی سەردەمێكی مێژوویی‌یە، دەتوانین بە خوێندنەوەیەكی تازە بۆ رەوتی گۆڕانكاری‌یەكانو بۆ دەوری حیزبەكانو پێكەوە ژیانیان لە كاتی جیاوازیی سیاسیو ستراتێژییەكان دا، هێزی بزووتنەوەكە یەكگرتووترو یەكڕیزتر بكەین. ئەمە ئەزموونێكە كە هەموومان لە بەرامبەری‌دا راوەستاوینو كەوتووینەتە مەیدانی تاقیكردنەوەیەكی تازەوە بەرێوە ئێمەش وەك بەشێك لە ئەزموونی كۆمەڵە تێ دەكۆشن كە هەم یەكریزیی بزووتنەوەی كۆمەڵە رێك بخەینو هەم لە پێوەندیی هاوخەباتی لەگەڵ حیزبە كوردستانییەكان، ئەزموونێكی نوێ تاقی بكەینەوە.

ئێمە خوازیاری دڵ فراوانیین. خوازیاری ئەوەین كارەساتەكانی كۆن، دووپات نەبنەوەو پێكەوە بە گیانی برایەتیو هاوخەباتی بتوانین یەكڕیزی‌یەكی پتەو لە پێناو سەركەوتنی گەلێكی زوڵم لێكراو دەستەبەر بكەین.

بۆ ئێوەش لەم كۆنگرەیەدا سەركەوتن دەخوازینو ئامادەیی خۆمان بۆ هاوكاریو هاوخەباتیو دۆستایەتیی پتەو دەردەبڕین.

سەركەوتوو بێت بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان
بڕووخێ رژیمی كۆماری ئیسلامی.

كۆمیتەی رێبەرایەتیی كۆمەڵە ـ رەوتی چاكسازی
٢٠٠٨/٣/١

## درێژەی هەواڵەكان

### كۆچی دوایی خاتوو پەریزاد ئابزەندی

خاتوو پەریزاد ئابزەندی ئەندامی دڵسۆز حیزبی دیموكڕاتی كوردستان كە رێكەوتی ٢٧ی بانەمەڕ بە هۆی هەڵدێرانی ئۆتۆمبێل بە توندی بریندار ببوو، سەرەنجام پاش سێ رۆژ بەربەرەكانێ لە گەڵ مەرگ، رێكەوتی٣٠ی بانەمەڕ لە نەخۆشخانەی رزگاریی هەولێر بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە بنەماڵەو كەسوكارو كۆڕی هاوڕێیانی كرد.

خاتوو پەریزاد ساڵی ١٣٣٦ لە گوندی قارنێی ناوچەی نەغەدە لە دایك بوو. باوكی ئەو شەهید رەحمان ئابزەندی یەكێك لە شەهیدانی كۆمەڵكوژییەكەی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی گوندی قاڕنێ بوو. خاتوو پەریزاد هەروەها خوشكی شەهید مستەفا ئابزەندی‌یە كە پاییزی ١٣٦٠ لە شەڕی بایزاوێ شەهید بوو.

خاتوو پەریزاد ساڵی ١٣٥٦ لەگەڵ هاوڕێ عوسمان شێخانی ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا بوو. ناوبراو هەر لە یەكەم رۆژەكانی ئاشكرا بوونی تێكۆشانی حیزبی دیموكڕاتی كوردستان پاش سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گەڵ هاوسەرەكەی خەباتی پێشمەرگانەیان دەست پێ دەكەنو لەو كاتەوە تا ئێستا بۆ تەنیا ساتێكیش سەختییەكانی سەر رێگەی ئەم جۆرە ژیانە كۆڵی پێ نەدا.



شایانی باسە تەرمی خاتوو پەریزاد رێكەوتی ١ی بانەمەڕ لە گوڕستانی شەهیدانی حیزبی دیموكڕاتی كوردستان لە شاری كۆیە بە بەشداری سەدان كەس لە كادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بە خاك ئەسپێردرا. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاورێبازانی دەكەین.

### كۆچی دوایی دوو تێكۆشەری دێرینی حیزبی دیموكراتی كوردستان

– تێكۆشەرێكی دێرینی حیزبی دێموكراتی كوردستان بە ناوی "محەممەد زەینی" ناسراو بە "محەممەد دۆشكە" خەڵكی گوندی "كونە مشكێ" ی ناوچەی سەردەشت بەهۆی نەخۆشی كۆچی دوایی كرد. ناوبراو پاش سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشكرا بوونی خەباتو تێكۆشانی حیزبی دێموكراتی كوردستان دەبێتە پێشمەرگەی حیزبو بۆ ماوەی نزیك بە ٤ ساڵ لە خەباتی پێشمەرگانەدا بەردەوام دەبێ. دواتر بەهۆی دەست كورتی بنەماڵەكەی لەوە زیاتر نەیتوانیوە لە رێزی تێكۆشەرانی ئاشكرای حیزبی دێموكرات دا بمێنێتەوە، بەڵام تا دواساتەكانی ژیانی وەكوو مرۆڤێكی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر بە رێبازی حیزب وەفادار مایەوە. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو كەسوكاری دەكەین.

– رۆژی پێنجشەممە رێكەوتی ٣ی جۆزەردان كاك عەولا شێخاڵی تێكۆشەری دێرینو باوكی شەهید برایم شێخاڵی فەرماندەی قارەمانی حیزبی دێموكراتی كوردستان بە هۆی نەخۆشیو پیری‌یەوە كۆچی دوایی كرد. كاك عەولا كە ماوەیەكی زۆر لە ریزی پێشمەرگەكانی حیزب دا خەباتی كردوە بە هۆی پیرییەوە گەڕایەوە سەر ماڵو حاڵی، بەڵام هەمیشە بە رێگەی پیرۆزی شەهیدان وەفادار مایەوە، هەر بۆیە لە رێورەسمی بە خاك سپاردنو كۆڕی پرسە مام عەولا دا كە لە یەكێك لە مزگەوتەكانی كۆنەخانێ بەڕێوە چوو، ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە بەشدارییان كرد. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەو كەسو كاری دەكەین.

**بڕووخێ رێژیمی كۆنە پەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران**

# پێشکەوتنێکی مێژوویی زمانی کوردیو هێندێك تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە

(١-٢)

گۆڕینی: فاخیر پێنهانی

**کورد ئەمڕۆ بە داخەوە، نە خاوەن دەوڵەتێكو کیانێکی سەربەخۆیە کە لە دونیا بە ڕەسمی بیناسن،و بە گشتی نە دینێکی تایبەتیی هەیە کە ببێتە بەشێکی گرینگی ناسنامەکەی بۆ دەرەوە، بۆیە تەنیا پێناسەیەك کە دەتوانێ لە ون بوونو توانەوە بمانپارێزێ، و بە دونیامان بناسێنێ، زمانەو بەس**

**ئەم وتارە لە گۆڤاری "لیکۆڵین" سەر بە ئەنیستیتۆی کورد لە ئاڵمان بە زاراوەی کورمانجیی ژوورو بە پیتی لاتینی لە لایەن دوکتور زەردەشت حاجۆوە نووسراوەو پێم باش بوو بۆ ساز کردنی پێوەندی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردیو لێك تێگەیشتنی زیاتر، ئەم وتارە بە کورمانجیی ناڤین بخرێتە بەر دیدەی خوێنەرانو لە ڕاستیو ناڕاستیی بیرو بۆچوونەکانی ئەم وتارە نووسەر بەرپرسە.**

سەرەتا:

بەر لەوەی دابەزینە نێو ناخی وتارەکە، گەرەکمە وەکوو دەسپێك نرخی زمان وەك ناسنامەی فەرهەنگیی گەلان بە گشتیو وەك ناسنامەی گەلی کورد بە تایبەتی بێنینە بەرچاوان.

من پێم باشترە ئەوە بڵێم بۆ ئەوەی کە ئێمە مێژووی زمانی کوردیو هێندێك تایبەتمەندیی ئەو زمانە باشتر بزانین پێویستیمان بەوە هەیە زمانی خۆمان بە هێندێك زمانی دیکەی پێشکەوتووی دونیا هەڵسەنگێنین.

دیارە هەمووومان لەسەر ئەوە هیچ کێشەیەکمان نیە کە "زمان ئەستوندەکی فەرهەنگی گەلانە". زمان نەتەنیا نیشانەی فەرهەنگو وڵاتی کەسەکانە، بەڵکوو بۆ ناسینو ناساندنی پێناسەی کەس یان کەسانێك لەو وڵاتەی کە لێشی لە دایك بوونە گرینگترە. چونکە زمان بە درێژایی تەمەنی ئێمە بەرۆکی ئێمە بەر نادا، تەنانەت ئەو کاتەی چاری ناچار وڵات بەرەو تاراوگەو هەندەرانیش بەجێ دێڵین، زمان بەشێکی دانەبڕاوی بوونی ئێمەیە.

هەر لەو کاتەش دا "زمان مێژووو پاشە ڕۆژی گەلانە"، بۆیە دەڵێین زمان مێژووی گەلانە، چونکە تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەکرێ لە ڕامانو بیرو بۆچوونو چۆنیەتیی تێڕوانینو باوەڕی پێشینیانی خۆمان تێبگەینو بەرهەمو شێوەی هزرو بیری وان کە بە نووسین، واتە زمان بە ئێمە دەگات شرۆڤە بکەین. هەروەها" زمان پاشە ڕۆژو داهاتوی گەلانە" چونکە تەنیا لە ڕێی زمانەوە دەکرێ بۆ داهاتوو وێنایەك بڕەنگێنینو بەرنامەیەك داڕێژین.

بە گشتی دەتوانین بڵێین، بەشی هەرە گرینگی پێناسەی گەلان زمانە.

دیارە تەواوی ئەو دەرەنجامانەی سەرەوە کە باسمان کردن بە گشتیو بە تایبەتی بۆ گەلی کورد زۆر گرینگترن. بۆ چی؟

چونکە کورد ئەمڕۆ بە داخەوە، نە خاوەن دەوڵەتێكو کیانێکی سەربەخۆیە کە لە دونیا بە ڕەسمی بیناسن،و بە گشتی نە دینێکی تایبەتیی هەیە کە ببێتە بەشێکی گرینگی ناسنامەکەی بۆ دەرەوە، بۆیە تەنیا پێناسەیەك کە دەتوانێ لە ون بوونو توانەوە بمانپارێزێ، و بە دونیامان بناسێنێ، زمانەو بەس!

هەر لە ژێر ڕووناکایی گرینگیو بەهای زمان، وەك ڕەمزی مانەوەی کوردو گەشە کردنی بیری نەتەوایەتی لە ڕێگەی زمانەوەیە کە - " بە شێوەیەکی گشتیو مێژوویی لەلایەن نەیارانو ناحەزانو داگیرکەرانی وڵاتی کوردان بە هەموو شێوەیەكو بەردەوام هەوڵی لاواز کردنو لەنێو بردنی زمانی کوردی وەکوو فاکتۆرێکی سەرەکیی بوونی کورد، دراوەو بۆ ئامانجی هێرشو لە نێو بردن".

لە سەرەتاوە دەمهەوێ بێمە سەر باسی مانای " زمانی کوردی"و بپرسم، بەڕاستی زمانی کوردی یانێ چیو چ پێناسەیەکمان هەیە هەتا بڵێین ئەوەتا، ئەوەیە زمانی کوردی؟!

ئەو پرسیارەی هەر لە سەرەتاوە بۆ کەسێکی غەیرە کورد دێتە ئاراوە، ئەو پرسیارەی سەرەوەیە، چونکە دەوڵەتێکی ناسراوی کوردی بوونی نیە هەتا بڵێین، ئەوە زمانی فلان دەوڵەتی کوردییەو پێی دەڵێین زمانی کوردی.

کوردستان هەروەك هەموومان دەزانین لە لایەن ٤ دەوڵەتی تورکیاو ئێرانو عێراقو سووریاوە داگیر کراوەو بەو پێیە نە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی هەیەو نە زمانێکی یەکگرتووو پێشکەوتووی کوردی.

دیارە ئەمڕۆ ئیتر ئەو باسە کە زمانێکی سەربەخۆی کوردی بوونی هەیەو بەسەر چەند زاراوەی جۆراوجۆردا دابەش دەکرێو لەگەڵ زمانەکانی دیکەی دەوروبەری جیاوازیی هەیە، وەکوو ڕاستییەکی زانستی ڕوونو ئاشکرایەو سەلمێندراوە.

سەبارەت بە واقیعی بوونی زمانی کوردی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ، لە سەدەی ١٩ وە هەتا ئەمڕۆش، دەتوانین بڵێین هەموو زمانزانو توێژەرانی زمان، کە لە سەر زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، لەسەر ئەم باوەڕە کۆکن کە زمانی کوردی زمانێکی تایبەتو سەربەخۆیە.

بەڵام لە سەدەکانی پێشتر بە هۆی خزمایەتییەك لە نێوان زمانی کوردیو زمانی فارسیدا بەدی دەکرا هێندێك پێیان وابوو کە زمانی کوردی، زاراوەیەکی زمانی فارسیی تازەیە. بەڵام دوای سەدەی ١٩ زانایانی ناسراوو بە نێوبانگی بواری زمان لە ئورووپا وەك: مایۆرزیو گارزۆنی، ئالبێرت سۆجن، پیتێر لێرچ، ئەلکساندێر یابا، هۆگۆ ماکاسو فێردیناند یۆستی بە نووسینو لێکۆڵینەوەی زانستی ڕوونیان کردەوە کە خزمایەتیی نێوان زمانی کوردیو فارسی، شتێکی زۆرترو نێزیکتر لە خزمایەتیی فارسی لەگەڵ زمانەکانیتری هیندو ئورووپایی نیە، واتا چەند دەتوانین بڵێین زمانی فارسیو ئاڵمانیو ڕۆمانی لێك نێزیکنو خزمایەتییان هەیە، هەر ئەوەندەش دەتوانین بڵێین کوردیو فارسی نێزیکایەتیو خزمایەتییان هەیە.

پیتر لرچ لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی

Forschungen uber die kurden und die Iranischen

لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینیدا سەبارەت بە خزمایەتیی نێوان زمانی کوردیو فارسی ئاوا دەپەیڤێ: بنەماو بنیاتی هەر دوو زمان گەلێك جیاوازییان هەیەو لێك دوورن، ڕاستە باڵو لكو پۆپی وێکچوویان زۆرە کە بوونەتە هۆی ئاوەدان کردنەوەی هەر دوو ماڵو هەر بۆیەش ئەندامی ئەو دوو بنەماڵەیە لێك نێزیك دەبنەوە لێك تێدەگەن.

پڕۆپاگەندەو دژایەتی لەگەڵ بوونی زمانی کوردیو تەنانەت دژایەتی لەگەڵ بوونی نەتەوەیەك بە ناوی کورد نیشان دەدەن.

با لە بەرانبەر ئەم بیرو باوەڕو شۆڤێنانەی حکوومەتی تورك گوێ ڕاگرین بۆ بیرو بۆچوونی مامۆستایەکی پایە بڵیندی ئاڵمانی کە لە زانکۆی شاری Essen وانە بێژە. ئەو زمانزانە ئاڵمانییە بە ناوی پرۆفیسۆر - دوکتور یوهانس مایر - ئینگورسن لەو باوەڕە دایە کە:

" ئەوە بە ڕاستی خۆ هەڵخەڵەتاندنێکی ئاشکراو بە مەبەستە، کاتێك بەردەوام تورکەکان دەڵێن کوردەکان



عەشیرەتی تورکن (تورکی کێوی) کە بە شێوەیەکی سەرزارەکی فارسییەکی پرشو بڵاویان وەرگرتوە.

یەکەم: بەر لە هەر شتێك، زمانی کوردی لە باری زانستییەوە زمانێکی سەربەخۆیەو لە لایەکی-تریشەوە بۆ وەڵامی تورکەکان دەبێ بڵێین، کوردو زمانی کوردی زۆر پێشترو زۆرتر لە توركو زمانی تورکی لەو مەڵبەندە (کوردستان) لەسەر خاکی خۆیان بوونیان هەبووە.

لەلایەکی تریشەوە، مێژوو بە شێوەیەکی ڕوونو لەبەر چاو ئەو ڕاستییەمان بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی تورکەکان بۆ دەردەخات کە، لەو کاتەدا کە ڕۆژئاوای ئانادۆل وردە وردە بەرەو تورکیزە کردن دەڕۆیشت، زمانی خۆماڵیو کۆنی کوردان زۆر پێشتر لە هاتنی عێلو عەشیرەتی تورکەکان سەربەخۆیی خۆی هەبووە."

بەو شێوەیە پیتر لرچ دەیهەوێ بڵێ کە لە نێوان هێندێك زاراوەی کوردی بە تایبەت زاراوەی کورمانجیی ژێرین (لوری ولەکی)دا نێزیکایەتییەکی زۆرتر هەیە لە چاو زاراوەی کورمانجیی ژوورو (باکوور)و زمانی فارسی.

هێندێك بە ناو زمانزانی تورك بە مەبەستو بە شێوەیەکی نازانستیو تێکدەرانە تێدەکۆشن کە سەربەخۆیی زمانی کوردی بخەنە ژێر پرسیارو ئەو زمانە وەك:

" زمانێکی ناڕوونو بێڕیشەو بنچینەو زمانێکی تێکەڵو پێکەڵ کە وشەکانی ئەم زمانە هەر یەکەی لە شوێنێكو زمانێك وەرگیراونو خانووی زمانی کوردییان دامەزراندوە." بە دونیا بناسێنین، هەر وەك دەسەڵاتداری تورك" بەدزی نویان" لە ساڵی ١٩٨٢ لە وتارێك دا بە ناوی " کوردو کوردی تورك" کە لە سەرەوە بەشێکمان هێنا نووسیویەتی.

ڕوونو ئاشکرایە کە ئەم شێوە هەوڵدانانەو ئەم جۆرە نووسینە نازانستییانە لە نێو کۆڕو کۆمەڵی شارەزاو زمانزان دا نرخو بایەخێکی پێنادرێ، چونکە ئەوانە بە مەبەستو زۆرتر وەك

بەو پێیە، زمانی کوردی لە زمانەکانی دەوروبەری خۆی تەنیا دەکرێ بڵێین خزمایەتی لەگەڵ زمانی فارسی دا هەیە.

زمانی عەرەبیو زمانی تورکی هەر یەکەی سەر بە بنەماڵەیەکی زمانیی جیاوازنو زۆر لە کوردی دوورن. تەنیا ئەوە نەبێ کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی کوردیو ئەو زمانانەدا هێندێك شوێندانان لە باری زمانی سەرزارەکیو لە باری ڕێزمانییەوە بەرچاو دەکەوێ.

لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە دوای موسوڵمان بوونی کوردەکانو زاڵ بوونی زمانی عەرەبی لە ڕێگەی ئایینەوە - هەر وەك چۆن زمانی عەرەبی لە سەر زۆر زمانی دیکەش شوێنی داناوە - کاریگەرییەکی بە ڕێژە زیاتری لەسەر زمانی کوردی بەجێ هێشتوە.

نەبوونی زمانێکی یەکگرتووو پێشکەوتووی کوردی، هەتا ئێستاکەش بە ڕاستی جێگای داخو مخابنە، کە ئەو باسە پێویستیی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەی زیاترە. جیا لەوەش، لە نێو زمانی کوردی-دا زۆر زاراوەی هەرێمیی لێك جیاواز بوونیان هەیە. دیارە ئەوەش ڕاستەوخۆ هەڵقوڵاوی باری نالەباری کورد بە گشتی بە درێژایی مێژووی پڕنەهامەتیی ئەم گەلەیە.

هەلومەرجی ڕامیاریی زاڵ بەسەر کوردستاندا هیچ کات ئەو ڕێگەیەی بە کورد نەداوە تاکوو ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەییو زمانێکی ستانداردو پێشکەوتوو بخولقێنێو پەرەی پێبدا.

بەشی دوویەم:

**زاراوەکانی زمانی کوردی کامانەنو لە چ مەڵبەندێك بەکار دەهێنرێن؟**

ئەو خاکەی کە خەڵکەکەی بە زمانی کوردی (بە گشت زاراوەکانییەوە) دەپەیڤن، پانتاییەکی ٥٠٠/٠٠٠ کیلومیتریی چوارگۆشە لە خۆی دەگرێ.

سنووری باشووری ئەم خاکە (کوردستان) لە باکووری کەنداوی فارسەوە دەست پێدەکاتو بەرەو باکوور هەڵدەکشێو بە قەراغ ویلایەتی ئازەربایجانی ئێرانداو بەسەر زەریاچەی ورمێ دا تێپەڕ دەکاتو بە بەشێکی بچووك لە وڵاتی ئەرمەنستان دا دەرباز دەبێو لە ئەرەزڕوومێ بەرەو سێواسو مەرعەش دەڕواو لە ڕۆژئاوا دەگاتە عەمرین (کوردستانی سووریە)و لە باشووری ڕۆژئاوا دەچێتەوە باشوورو بە شەنگارو موسڵدا تێپەڕ دەبێو دەچێتەوە بەرەو شوشتر (شوشتەر)و دەگەڕێتەوە باکووری کەنداوی فارس.

سەبارەت بە ڕێژەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی هیچ سەرژمێرییەکی فەرمیو ڕێكو پێكو جێ باوەڕ هەتا ئێستاش لەبەر دەست دا نیە، بەڵام دەگوترێ کە ڕێژەی کورد دەگاتە ٤٠ میلیون کەس.

زمانی کوردی یان بە واتایەکی-تر زمانی کورمانجی بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێو هەر زاراوەیەکی سەرەکیش خاوەن چەند زاراوەی دەورانپشتە:

ئەم دوو بەشە ئەمانەن:

کورمانجیی ژووروو (باکوور)

کورمانجیی ناوین

ئەگەر خەتێکی گریمانەیی لە ورمێوە بۆ ڕەواندوزو هەولێر بکێشینو وەك سنوور دایبنێین دەتوانین ئەم دوو بەشە لێك جیا بکەینەوە.

لەسەرەوەی ئەم خەتە زۆربەی کوردەکان ئەگەر ناوچەی (بینگۆلو دەرسیم)ی لێ هەڵاوێرین بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو دەپەیڤن، هەروەها لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم خەتە زۆربەی کوردەکان بە کورمانجیی ناوین دەئاخێون.

کورمانجیی ژوورو(باکوور) بۆ خۆی بە سەر سێ زاراوەدا دابەش دەکرێ:

١ـ کورمانجیی مەڵبەندەکانی دهۆك، حەکاری، جزیرو شرناخ کە بە زاراوەی بادینانیو بۆتانی دەناسرێن.

دەکرێ بە گشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەی بڵێین زاراوەی بۆتانی.

٢ـ کرمانجیی مەڵبەندەکانی ورمێ، شەنگال، سێرت، ئامەد، باتمان، مێردین، حەسەپە، عەفرین، ڕوحا، ئاگری، قەرسو هەروەها کوردەکانی قەفقازیاش.

دەکرێ بەگشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەش بڵێین زاراوەی شەنگالی.

٣ـ کورمانجیی مەڵبەندەکانی دیلۆك (عەنتاب)، سەمسور (ئادیامان)، مەرعەش، ئەرزەنجانو هەروەها کوردەکانی خوراسان.

دەکرێ بە گشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەش بگوترێ زاراوەی مەرعەشی.

کورمانجیی ناوین (بە گشتی ئەم زاراوانە لە خۆی دەگرێ:

سنەیی، سلێمانی، ئەردەڵانی، کەرکووکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پژدەری.

**زاراوەکانی تەنیشتی زمانی کوردی (کورمانجی)**

لە زمانی کوردیدا جیا لە دوو زاراوەی سەرەکی، زاراوەی تریش هەنە:

١ـ کورمانجیی ژێرین(خواروو) کە بە گشتی ئەم زاراوانە لە خۆی دەگرێ وەك:

فەیلی، کرماشانی، لەکی، خانەقینی، لوری.

٢ـ کرمانجی (کە بە شێوەیەکی نازانستی بە زازاکی ناسراوە)

٣ـ گۆرانی (هەورامی)

کرمانجیی (زازاکی)

ئەم زاراوەیەی زمانی کوردی کە هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی چەوتو نازانستیانە بە زازاکی ناسراوەو ئەو کوردانەی بەم زاراوەیە دەپەیڤن، کاتێ باسی زمانی خۆیان دەکەن، قەت بە خۆیان نالێن زازا، بەڵکوو دەڵێن، " زۆنێ مە"، واتا زمانی ئێمە یان بە خۆیان دەڵێن "کرمانجی" لە زۆر شوێنو مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی ئەم کوردانە (لە باکووری کوردستان) کە بەم زاراوەیە دەئاخێون، دەنگی (ش) وەك (س) بە لێو دەکەنو دەنگی (ژ) دەکەنە (ز).

زۆر دوور نیە کە ئەو بەشە لە کوردەکانی باکووری کوردستان کە زۆربەیان بە کورمانجیی ژووروو دەپەیڤن، بۆ پێکەنین وەك گاڵتە پێکردن پێیان گوتبێ "زازا"!

دیارە ڕاستیی ئەم بۆچوونە زیاتر کاتێك ئاشکرا دەبێ کە بزانین کوردی کرمانجی (زازا)ش بەو کوردانەی کە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەئاخێون دەڵێن" هەرە - وەرە"!

ئەگەر ئێمە" هەرە - وەرە" وەك ناوی ئەو بەشەی خەڵکی کورد کە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەپەیڤن هەڵبژێرین! دیارە دەشتوانین بە کوردیی کرمانجو زاراوەکەیان بڵێین "زازا"! (کە بە ڕاوەڕی هەموومان چەوتە). لە لایەکیترەوە، ئەگەر بەڕاستی "هەرە - وەرە" دەتوانێ وەکو ناوێکی زانستیو مێژوویی بێتە ئەژمار؟! دیارە "زازاش" دەتوانێ ناوێکی مێژووییو زانستی بۆ بەشێك لە خەڵکی کورد بێ!؟

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین




### به یادی ٥٩ خونچه به ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان، مەهاباد

له نیوەشەو تێپەڕ بووەو خەو لە چاوانم زڕاوە. زۆر هەوڵ دەدەم خەوم لێ بکەوێ، بەڵام بێسودە. له سەر تەختە خەوەکەم دێمه خوارو دەچم بڕیك ئاو دەخۆمەوەو سەرێك بە ژووری کچەکانم، کانیاوو کازیوە، کە وێنەی دوو پەپوولە لە باوەشی خەودان دەکەم تاکوو بزانم مەلافەکەیان لە خۆیان نەکردۆتەوە. دیوەکەیان زۆر فێنکەو بۆ ئەوەی بەری بەیانی سەرمایان نەبێ پەنجەرەی ژوورەکەیان دادەخەمەوەو بە بێدەنگی دەرکەی دیوەکەیان پێوە دەدەمەوە. دەرکەی باڵکۆنەکە دەکەمەوەو دەچمە سەر باڵکۆنەکەو پڕ بە سییەکانم هەوای سافو بێگەرد هەڵدەمژم. له راستیدا رووناکی هەوای دەرەوە هێندەی دیکه خەوم له چاوان دەتارێنێ.

پاش ماوەیەك رامان لە سەر شەقام دەگەڕێمەوە بۆ ژووری دانیشتنو یەکسەر دەچم بۆ ئاشپەزخانەو هەوڵ دەدەم قاوەیەك ساز بکەم. له پەنجەرەڕا چاوێکی دیکه له دەرەوە دەکەمو وڕەی ماتۆڕێك بێدەنگی شەو دەشکێنێ. دەچم بۆ ژوورەکەی دیکەو لە پشت کامپیتێرەکەم دادەنیشمو بۆ بەرچاو روونی چرایەکی نە زۆر رووناك هەڵدەکەم.

لەوەتی لە تاراوگە دەژیمو هەموو ساڵێك لەگەڵ هاتنی مانگی جۆزەردانو نزیك بوونەوە له ساڵڕۆژی شەهید کرانی ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی مەهاباد، غەمو ماتەم جەستەو رۆحم دادەگرێ. نەك لە بەر ئەوەی کە ئەوانە هاوشاری خۆم بوون، بەڵکوو لە بەر ئەوەی کە ژمارەیەك لەو ئازیزە لە دەست چووانە هاوڕێو رەفیقی دەورانی منداڵی گەڕەكو مەدرەسەم بوون. بە دەیان بیرەوەریی خۆشم لە گەڵیان هەبووەو بە دەیان جار شەڕە شەقمان کردووە. لە بیرم دێ هێندێك جار بۆ شەڕەگەڕەك رووومان له مەجبور ئاوا دەکرد و جارێکیان سەری یەکیان شکاو بە سەری خوێناوییەوە بردمانەوە ماڵێو بۆ ئەوە مەسەلەکەمان ئاشکرا نەبێ بە درۆ کوتمان بەربۆتەوە. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەو چەند دێڕەم بۆ یادکردنەوەی ئەو خونچە پەڕپەڕ بووانە، بیرەوەرەییەکانی دەورانی منداڵییم وەکوو فیلمی سینەما بە بەر چاودا تێپەڕ دەبن. زۆر باش لە بیرمە کاتێك هەواڵی دڵتەزێنو سامناکی شەهید کرانی ئەو ئازیزە لە دەست چووانەم لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بیست، لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب لە بناری کێوی تالش لە نزیك گوندی مەزناوێی ئالانی سەردەشت بووم. لە هاوڕێیانم دوور کەوتمەوە دوور لە چاوی ئەوان فرمێسکی غەمو پەژارەم رشتو بەدڵ بۆیان گریام. ئەو شەهیدە بێگۆڕانە هەرگیز دوای شەهید کرانیان تەرمەکانیان رادەستی ئازیزانیان نەکرایەوە، تاکوو لانیکەم سوکناییەك بێ بۆ دڵی دایکی جەرگ سوتاویانو بۆ باوکی پشت چەماویان. بە داخەوە ئاخوند "خالخالی " جەلادی گۆڕ بە گۆڕ بەبێ ئەوەی تاوانی ئەو هەموو جەنایەتانەی کە دەرحەق بە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان کردی نەماوە تاکوو رۆژی خۆی لە دادگایەکی گەلیداو لە شاری ٥٩ شەهیدەکە دادگایی بکرێو بە سزای تاوانە چەپەڵەکانی خۆی بگا. بەڵام پاسدار" حمید رزا جلایی پور" و هەموو ئەو جەنایەتکارانەی کە دەستیان لەو کۆمەڵکوژییە دا هەبووو ئێستا زیندوون دەبێ رۆژێك بە تاوانی ئەو کردەوە چەپەڵو دژی ئینسانییانە مەحکەمە بکرێنو تۆڵەی خوێنی ئەو شەهیدانەیان لێ بکرێتەوە. ئێستاش بزە شیرنەکەی لاوی بالابەرز، جوانە مەرگ خدر رەنگینم لە بەر چاوانە کە چەندە شیرین بوو. ئەو عاشقی ژیلا بوو، کچە کوردێکی مەهابادی کە ماڵەکەیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بوو. یادی عەلی غەوارە دەکەم کە وێڕای کەماڵ چاوشین، فەرەیدون شەنگە، مەسعود شێخ حەمەدی کە ئەویش دواتر ئیعدام کرا، وێڕای چەند هاوڕێی دیکە لە چایخانەی کنیاو لە چوارڕای ئازادی لە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوەو تەختەمان دەکردو قسەی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. یادی ئەو کاتانە بەخێر کە لە گەڕەکی خرێ چاوم بە محەمەدی عەلیالیو شینە بازیار دەکەوت. هیوای ئەو کاتانە دەخوازم کە دەچوومە دوکانی دڵو جگەر فرۆشییەکەی کاك محەمەد سەقزی لە نزیك مەیدانی ئاردیو سیامەکی شەهیدم دەدیت. دونیایەك بیرەوەریی خۆشم لەو ئازیزانەی کە ناوم بردن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی سینگدا تۆمار کردووەو هیوام وایە رۆژێك بتوانم بۆ جارێکش کە بووە چاوم بە دایكو بابی ئەو ئازیزانە بکەوێتەوە، ئەگەر مابن یان بمێنن. لە یادی ٢٥ ساڵەی شەهید کرانی ئەو رۆڵە کوردانەدا سەر رێزو ئەمەگناسی لە ئاست ئەو ئازیزە بێگۆڕو بێ نیشانانە دەردەبڕمو هاوخەمیو ماتەمی خۆم لەگەڵ بنەماڵەی هەر ٥٩ یان دەردەبڕم.

**بای ئەجەل هاتوو لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم**
**تاکوو دوێنی خونچە بووم ئەمڕۆ بە ناحەق هەڵوەریم**

---

**رەسووڵ سووڵتانی :**

## شێعر بۆ من مینبەری عیشقه. تریبوونێکه بۆ دەربڕینی خۆشەویستییم به هەموو لایەنە شیرینو تاڵەکانیەوە.

هەڤپەیڤین: ئەدەب و هونەر



**پ: شێعر شوێنێکه لەودا ئەقڵو سۆز (هەست) پێك دەگەن. شێعر زمانی دەربڕینی ستاتیکییانەی واتا ئەقڵییەکانو پێویستییە سۆزەکییەکانی مرۆڤە. پێم خۆشە بزانم شێعر لای تۆ چ واتایەکی هەیە؟**

و: یەکەم واتای شێعر لای من ژیانە. رازاندنەوەی ژیانە. تەنانەت جوانکردنی ئازارو خەمەکانیش. نەك بەو مانایە کە تارایەکی کەسكو سوور بە سەر ئازارو خەمو پەژارەکاندا بکێشن، نا. بەڵکوو بەو مانایە کە ئیعتراف کردن بە هەبوونی ئازارەکان. ئەمن ئازارێك دەچێژم. ئازاری دابڕان لە خۆشەویستەکەم، ئازاری تۆران، ئازاری ناکامیو پێك نەگەیشتن، ئازاری دووریو شەوانی بێخەوی. ئەو شەوانەی کە دەست دەکەمە ئەستۆی خەمەکانی عیشقو هەتا بەیانی دەگریم. شەرمی پێ ناوێ. دێمو دەری دەبڕم، ناترسم. نای ناشارمەوە. دەیڕێژمە هەناوی شێعرێکەوە. بە نووسینەوەی ئازارەکانو خەمە تاقەت پڕووکێنەکان ژیان جوان دەکەم، ژیان له دەست درۆ رزگار دەکەم. ئاخ لە درۆ، درۆ لەگەڵ خۆکردنو خۆخەڵەتاندن ماڵی ئێمەی وێران کردوە. ئەمن کەسانێك دەناسم بوونەتە خەڵووز، بۆ سۆ لە هەناسەیان دێ هێندە ئاشقن، کەچی لە ترسی ئەوەیکە نەکا قسەیان بۆ هەڵبەستن نایدرکێنن. وەختە بۆ پشوویەك حەسانەوەی نێو باوەشی گراویو خۆشەویستەکەیان شێت بنو سوێیان بێتەوە، دەری نابڕن، درۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن، ئەمن ناڵێم بڵیندگۆیەك هەڵگرنو کۆڵانە و کۆڵان بگەڕێنو دەرکاو دەرك هاواری ئەوە بکەن کە:" ئەی هاوار سووتام دەفریام کەون...."

ناڵێم ئاوێ لە ئاوەڕۆ دەربکەن. دەڵێم: عاشقان دەبێ راستەقینەی دەروونیان بە حەزو تاسەو تینوێتییانەوە بۆ گراویو خۆشەویستەکەیان دەربڕن ئەوکات بناخەی خۆشەویستی پتەوترو عیشق بەردەوامترو رازاوەتر دەبێتو گرفتو تاڵییەکانیش سووکترو هاسانتر دەبنەوە. زۆرن ئەوانەی کە تەنیاو تەنیا بەهۆی ترس لە دەربڕینی ویستو داخوازەکانیان گەورەترین هەلو دەرفەتی خۆشەویستییان لە دەست داوە. بەڵێ، هەموو کەس ناتوانێ وەك منی شاعیر لە رستەیەکدا هەستی خۆی دەربڕێو هەمووکەس شاعیر نیە. بەڵام دەگمەنن ئەوانەی عاشق نین. ئەدی بۆ لە پرسەی مەرگی ئازیزانماندا وا بەکوڵ دەگرین؟ تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ناترسین لە لۆمەی خەڵك، بەڵام لە عیشقدا ترس لە سەرکۆنەو لۆمەی خەڵك ناهێڵێ کوڵی دڵ دەربڕین.

شێعر بۆ من مینبەری عیشقە. تریبوونێکە بۆ دەربڕینی خۆشەویستییم بە هەموو لایەنە شیرنو تاڵەکانیەوە لە شێعرێکدا هەتا لوتکەی شادیو شاگەشکە بوون هەڵدەفڕمو لە یەکی دیکەدا سەری وشەم لە هەش دەنێمو ئەژنۆ دەگرمە باوەشم. ئەوە ژیانو ساتەکانی منە لە شێعردا. شێعرەکانم ئاوێنەی دەروونمن. کەس بە ئەندازەی من خاڵی پەناڵێوو هەناری سینەو بزەی شیرینی گەورە کچانی پێجوان نیەو شێعریان بۆ دەنووسمو دەڵێم:

خاڵی لێوت بۆ ژوان چاوی لە شێعرم دادەگرت
کەس وەکوو خاڵ بۆ فریودانی غەزەل وەستا نەبوو
زیارەتی بەیتولحەرامی مەمکی تۆم زۆر کردوە
ئەو سەفاو مەروەو تەوافانەم ئەڤینداارانە بوو

یا:

ماچێکم کردی زۆر بە هەستەوە
گەر پێت ناخۆش بوو ها.... ماچم کەوە

دیسان دەڵێم شێعر لای من راکردنە لە درۆو ژیانێکە لە کۆشکی راستگۆییدا ئیتر بۆم گرینگ نیە کێ چیم پێدەڵێ گەردنیان ئازاد.....

**پ: مەڕۆ،/ عەشق رەنگە دلۆپێك بێت/ لە فرمێسکەکانی گریان بۆتۆ،/ مەڕۆ،/ عەشق رەنگە بزەیەك بێت/ کە دێتە سەر لێوانی تۆ. پەیڤی عەشقو خۆشەویستی لە شێعرەکانی رەسووڵی سوڵتانیدا بە شێوەیەکی ئێجگار بەرجەستە خۆی دەنوێنێت. دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانی بەڕێزت بە دەوری ئەم وتەزایەدا دەسووڕێنەوە. هۆکارەکەی چیەو عەشق لای تۆ چ واتایەك دەگەیەنێت؟**

و: پرسیارێکی سەیرە. ئەمن ژیانی بەبێ عیشق بە ژیان نازانم. عیشق ئازارەکانی، خەمو ژانەکانی لەخۆی شیرنترن. لەوانەیە من عادەتم پێگرتبێ. ئاخر چۆن دەکرێ زیندوو بین، بژیینو عاشق نەبین؟ یا نەخێر چۆن بەو کەسەی کە عاشق نیە دەتوانین بڵێین زیندووە. غەدرێکی گەورەیە. ئەمن بۆیە دەژیم چونکە عاشقم. ئەوانەی کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن هی ئەوەیە عاشق نین. عیشق دەبێ بۆی بژی. بۆشی بمرە خۆی بۆ مەکووژە لە ژیانی عیشقدا مەرگێکی شیرن هەیە لە ژیان شیرنترو بەچێژترە. مەبەستم ئازارەکانێتی. ئەو فرمێسکەی لە نێوەشەوێکدا لە رێی عیشقدا دەڕژێ بە نرخترین گەوهەرن. مەرگی تاڵو کۆتایی هێنەر لەو خاڵەوە دەست پێدەکا کە عیشق لە بیر دەکرێ. عیشق نەبێ دڵەکان بۆگەن دەبن.

دەفەرمووی عیشق لای من چ واتایەکی هەیە؟ نازانم، ئەوەندە دەزانم عیشق واتا بە هەموو شتێ دەبەخشێو لای من ئەوی عیشقی تێدا نەبێ بێواتایە، مردووە، بۆگەنە، فڕێی دەن. بەڵێ شێعرەکانی من هەمووی تەفسیری عیشقن.

حافزی شیرازی دەڵێ:

یك قصه بیش نیست غم عشق، وین عجب
کز هر زبان که میشنوم نامکرر است

بەراستی جوانە لەوەتا مرۆڤ زمانی هەیەو دەنووسێو دەپەیڤێ، چەندی باسی عیشق کردووە، بە هەزارانو بگرە میلیۆنان دێڕ لە تەفسیری عیشقدا نووسراونو هەر شاعیرو نووسەرو عاشقەی لە روانگەی خۆیەوە بۆی چووەو هێشتا نەبووەتە شتێکی دووپاتەو هەر نەسواوە. کەوابوو شتێکی ئاساییە کە شێعری منیش لەو جیهانە بێکەوشەنو سنوورەدا بخولێتەوەو دڵنیام لە دەرەوەی ئەو جیهانە شێعری من ناژین، وەك زیندەوەرێك کە گیانی لێ بستێنی. شێعری منیش تەنیا بە عیشقەوە زیندووە. عیشق گیانی شێعرەکانمە. هەروەك رۆحی خۆشمە.

**پ: شێعر ماڵێکە لەولای هەموو ماڵەکانی دیکە هەڵکەوتووە. زمانێك کە خەڵکانی ئەم ماڵە دوورکەوتوویە پێی دەئاخڤن، بەهێزترین زمانە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی لە هەستو نەستی مرۆڤ دانو زمانی ئاسایی توانستی دەربڕینیانی نیە. مرۆڤیش بوونەوەرێکە لە ئاوەزو سۆز (عاطفە) پێك هاتوە. پێت وانیە شێعرو زمانی شێعری دەبێ بۆ دەربڕینی ئەو تێگەیشتنە ئاوەزمەندانانەش بەکار بگیرێت کە رەنگە زمانی "کبری صغرایی" توانستی دەربڕینیانی نەبێتو هاوکاتیش مرۆڤ ناتوانێت لە ناخی خۆیدا رایانبگرێتو بە شوێن رێگایەکدا دەگەڕێن کە بێنە بوونەوە؟ ئەگەر وایە، پێت وانیە غەدرت لەم رەهەندەی بوونی مرۆڤ کردوە؟**

و: نازانم زمانی کوبرا سوغرایی چیە؟ ئەوەندەیە دەزانم شێعر زمانی تایبەت بە خۆی هەیە. زمانی شێعر لە زمانی ئاسایی خەڵك جیاوازەو جیاوازیش نیە. جیاواز نیە بەو مانایە کە شاعیر هەر لەو وشەو دەستەواژانە کەڵك وەردەگرێ کە خەڵك پێی دەدوێن. شاعیر بە زمانێکی ئاسمانی قسە ناکا بەڵام کە تێکیان هەڵ دەشێلێو دەیانکاتە شێعر ئەوکات ئەو دوو زمانە (شێعرو زمانی ئاسایی) لە پێکهاتەدا دەبنە دوو شتی لێك جیاواز. رەنگە هەموو کەسێك بە دیتنی کچۆڵەیەکی مێر منداڵ بڵێن ئەو کچە لەو تەمەنە کەمەدا مەمکی خڕ کردوون. بەڵام تەنیا نالیە کە دەڵێ:

نەخلی باڵات نەوبەرە تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ ئەو مەمەت کەی کردووە؟

لێرە دایە تێدەگەین کە زمانی دەربڕینی شاعیرانە لە زمانی ئاسایی جیاوازە. نازانم ئەمن چەندە غەدرم لە رەهەندە جیاجیاکانی شێعر کردووە ئەوەندە دەزانم لە نووسینی شێعردا ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆم بکەم. ئەو کەسانەی لە نێو خەڵکدا پێیان وایە قسەکانم قۆڕن لە خەڵوەتی دەروونیاندا نەك پێیان قۆڕ نین بەڵکوو دان بەو راستییەدا دەنێن کە ئەوە قسەی دڵی ئەوانیشە، مەگەر ئەو کەسانەی دڵیان رەش بووەتەوەو هیچ تروسکاییەکی تێدا نیەو بێزیان لە خۆشەویستی هەڵدەستێ کە ئەمن حیسابی زیندوویان بۆ ناکەمو دەڵێم خودا عافوویان بکا.

**پ: کاك رەسووڵ سپاست دەکەین بۆ ئەم وتووێژەو ئەگەر پەیڤێکت بۆ شاعیرانو شێعر خۆشەویستان هەبێت؟**

و: سوپاس بۆ ئێوەش. بۆ شاعیران وێڕای ئەو تاکە بەیتەی حافزی شیرازی،

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق

سێ پێشنیارم هەیە. ١ـ عاشق بن ٢ـ عاشق بن ٣ـ عاشق بن.

# پیاوێك لە شووشە

کوێستان عومەرزادە

قەدەرێکە دەستەکانم
شێتانە بۆت لە گەڕان دان
نات دۆزمەوە
لە هەرێمی پەپوولەوە
خۆڵەمێشی خۆشەویستی
ئەم دڵەی تۆ
ئامێزی ساردو سڕی ئەم وەرزەم
ناگرێتە خۆ
ئازیزە دڵ ڕفێنەکەم
لە پاییزێکەوە هاتووم
گوێ لە موسیقای دڵت
بگرم
باوانەکەم
یەك کاتژمێر بەبێ تۆ
بووم
خەزان شەق شەقی کرد
ماچەکانم
با عەباکەی سەر شانی
هەڵگرتم
باران تەڕتەڕی کردم
لە خۆیدا
لە دواجار پێڵاوەکانم
بزر بوون
بۆ گەڕان لە تۆ
ڕووت ڕووت بوومەوە
قەیناکا
تۆ پیاوێکی لە شووشەی ئەڵماس
بەدەم هەنیسکی خەمەوە
خەیاڵ پڕ دەکەی لە خەندە
پیربوون دەدەی بەدەم باوە
وەرە لە سەر شووشەی دڵی بێگەردت
بۆ دوایین جار بم نووسەوە
تا ئەم خەونانە نەیان بردووم

# یوهان برامس

ن: کارل یگر
و: تەها ڕەحیمی

یوهـان بـرامس سـاڵی ١٨٣٣ لـە شـاری هامبۆرگ لە داوێنی بنەماڵەیەکی هـەژار لـە دایك بوو. سەرەتا موسیقا لـەلای بـابی، کـە ژەنیـاری کنتریـاس بـوو، فێـر بـوو. بـرامس لەگـەڵ دیولونیســتە بەناوبانگــەکانی وەك رمنــی و یوئـاخیم ناسـیارێتی هـەبووو لـە مـاوەی ئـەو ناسـیارێتییەدا بـوو رمنـی موسـیقای خـۆجێی (لۆکـاڵی ) مەجارسـتانی پـێ ناسـاندو لـە ژێـر کاریگەریی ئەودا برامس راسپودە مەجارییـەکانی خـۆی نووسـی. شـومان لـە سـاڵەکانی کۆتـایی تەمەنیدا لە گۆڤاریکی نۆێی موسیقادا وتـارێکی سەبارەت بە ڕێگە نۆێیەکانی نووسی و برامسـی بە هەڵکەوتوو ( ئیلیت ) ناساند کە سـەرنجی زۆر لایەنی بەرەو لای خۆی راکێشا. بـە مردنـی کـلارا لـە سـاڵی ١٨٩٦ زەبرێکـی قـورس وە بـرامس کـەوتو لـەوە بـەدوا بـرامس هەمیشـە هەسـتی دەکرد لە بەرەبەری مردن دایە. لە ژێر کاریگەیی ئەو هەستەدا بوو برامس سـەنگینترین لیدەکانی بەو جۆرەی بەناوی چوار ئاوازی جیدیو پرلـورە کوراڵەکانی بۆ سازی ئۆرگ نووسی.

بەو جۆرەی کە رەوتی موسـیقای رۆمـانتیکی نیــوەی یەکــەمی ســەدەی نۆزدەیــەم لــە بەرهەمـەکانی واگنێـردا بەوپـەڕی کـەماڵی خـۆی گەیشـت. هاوکـات لەگـەڵ رەوتـی موسـیقای رۆمانتیك —کلاسیکی مەندلسۆنو لـە دوایـیشدا شـومان لـە بەرهەمـەکانیدا بەوپـەڕی کـەماڵی خوازراو گەیشت.

هــەرتك هەڵکــەوتووی مــەزنی ســەدەی نۆزدەیـەم، واگنێـرو بـرامس لـە بـواری مێتـۆدی موسـیقاییەوە راسـت لـە بەرانبـەر یـەکتری دانو کەمتر وێکچوویی لـە موسـیقاکەیاندا دەبینـرێ. بێشـك بـرامس بـە یـەکێك لـە بەرجەسـتەترین ئاوازدانەرانی رۆمانتیك دەژمێـردرێو توێـژەرانی موسیقایی لە سێ "ب" لـە مێـژوودا، نـاوی بـاخ، بێتهۆڤێنو برامسیان وەك سێ ئاوازدانەری مـەزن هێنـاوە. یـەکێك لـە خەسـڵەتە بەرجەسـتەکانی موسـیقای رۆمانتیـك ئینتیمـا بـە موسـیقای فۆلکۆریکەو برامسیش یەکێك لەو ئاوازدانەرانەیـە گرۆییـەکی سـەیری بـە موسـیقای فۆلکـۆریکی ئاڵمانی هەیەو زۆربەی ئاوازەکـانی رەنـگو بـۆنی هەوا خۆجێیەکانیان پێوە دیارە.

برامســی لاو چــەند کۆنســێرتی گشــتی پێشکەش کرد، بەڵام وەك پیانیسـتێك نـاوی دەر نەکرد ( کەچی دواتـر یەکـەمین نواندنی پیـانۆی کۆنسـێرتۆی ژمـارە یـەکی لـە سـاڵی ١٨٥٩و پیـانۆی کۆنسـێرتۆی ژمـارە دووی لـە سـاڵی ١٨٨١دا پێشکەش کرد.) هـەروەها دەسـتی کـرد بە ئاوازدانان، بەڵام هەڵەکانی سەرنجی کەسی بە لای خـۆیدا رانەکێشـا، تـا ئـەوەی کـە لەگـەڵ ئیـدوار رم نـی لـە سـاڵی ١٨٥٣دا لـە گەشـتێك، درێژەی بە کۆنسێرت دا. لـەو گەشـتەدا لەگـەڵ ژۆزف یـواخیم، فـڕانس لسـیتو پاشـان لەگـەڵ ئاوازدانەری مەزنی ئاڵمانی رۆبێرت شـومان بـوو بە ئاشـنا. ئەگەرچـی رم نـی لەبـەر ئـەوەی کـە برامس رێزی لـە لسـیت نـەگرتبوو، لێـی لالـووت بـوو بـەڵام لـە دەربـاری دیمـرە، ئـەو شـوێنەی لسـیت موسـیقازانی دەربارەکـەی بـوو، کۆپلـە سوناتیBminor زۆر گەرمو گوڕانە پێشکەش کرد. زۆربەی برادەرانی برامس وتوویانە رم نـی، کەسـایەتیی دەربـاری لەهسـتانی، چـاوی لـەوە بـوو برامسـی لاو خـۆی لەگـەڵ پرۆڤلـە گشـتی-یـەکاندا بگونجێنـێو بەئەدەبانــەوە دەسـت خۆشی لە کوپلەیەکی بە ناوبانگ بکا کە برامس هیچیانی پـێ نـەکرا. بۆیـە بـە لـەخۆ بوردوویی پێی گوت کـە برادەرێتییـان دەبـێ کۆتـایی پـێ بـێ، هەرچـەند روون نـەبوو لەبـەر ئـەو رێـز نەگرتنەی لسیت بوو یان لە بەر شتێکی تر. هەر چۆنێك بێ یواخیم ببوو بـە نـزیکترین برادەریـو شومانیش بـە وتـارو نووسـراوەکانیەوە رۆڵێکـی گرینگی لە وریاکردنـەوەی خـەڵك سـەبارەت بـە کوپلـە هونەرییەکـەی ئـەو لاوە دەگێـڕاو بـەم جۆرە پشتیوانی لێ دەکرد. بۆیە بـرامس لەگـەڵ ژنەکەی شومان بوو بە ئاشنا، کلارا ئاوازدانـەرو پیانیسـت کـە ١٤ سـاڵ لـەو گـەورەتر بـووو تـا کۆتایی تەمـەن بـە کـەفوکوڵی ئیحساسـاتیەوە، بــەڵام پێوەندییــەکی ئەفلاتونییــەوە پێکــەوە بوون. برامس ژنی هەر نەهێنا. لـە سـاڵی ١٨٦٢ بە تەواوی لە ڤییەن نیشتەجێ بووو بـە تـەواوی خەریکی ئاوازدانەری بوو. ئـاخری بـرامس نـاوی دەرکـردو لـە ژیـانی خـۆی وەك ئاوازدانـەرێکی مـەزن روانـی. رەنگــە هــەر ئــەوەش ئـاخری ئارخەیانی کردەوە کە یەکەمین سەمفۆنی خـۆی تەواو بکا. کەواتە سێ سـەمفۆنی دیکەشـی بـۆ پێشکەوتنی دانا (١٨٧٧،١٨٨٣،١٨٨٥) برامس گەشتی زۆری کرد، هەم بە بۆنەی بازرگانییەوە (تۆڕی کۆنسێرتی) و هەمیش بۆ سەیران. زۆرتر وەرزی بەهاران دەچووە دیتنی ئیتالیا. بۆ ئاواز دانەری، لە هاوینیشدا زیاتر بە دوای گونـدێکی شیناوەردا دەگەڕا. لـە سـاڵی ١٨٩٠دا، برامسـی ٥٧ سـاڵە بڕیـاری دا ئاوازدانـەری نـەکا. هـەر چـۆنێك بـێ دیـار بـوو بڕیارەکـەی بـۆ ناچـێتە سەرێو لە ساڵەکانی بەر لە مردنـی هێنـدێك لـە شـاکارەکانی بەرهـەم هێنـا، کـە دوو سـونات کلارنیت ئۆبۆس ١٢٠ لە (١٨٩٤) ،و چوار ئاوازی گرینگی ئۆبۆنسی ١٢١ی (١٨٩٦) لە خۆ گرت.




## زێنون:

ساڵی ٣٣٣ی پـێش زایـین لـە کیتیـون (قیـبرێس) هاتـە دونیـا. بـە دڵنیاییەوە یونانی نەبووەو وێدەچێت یەهودییەکی فینیقی بووبێت. لـە دەمی لاوێتیدا خەریکی بازرگانی بـووو لەوانەیـە بـە هـۆی ئـەوەی کـە کەشتییەکەی لـە ئاکـامی گـەردەلوولدا کەوتـە بـن زەریـا، سـاڵی ٣١٢ هاتـە ئاسـێنا. لـە ئاسـێنا بـەخێرایی کەوتـە ژێـر کاریگـەریی هـزری فەلسەفییەوە. دواتر خۆی دەڵێت کە چـارەنووس منـی بـەرەو ئاسـێنا راکێشاو بەرەو فەلسەفەی هان دام. زێنون سـەرەتا لەگـەڵ کلبییـەکان تێکـەڵ بـوو، بـەڵام مۆراڵخـوازتر لـەوە بـوو کـە بتوانێـت لەگـەڵیاندا بمێنێتەوە.

لەپاش چەند دەمێك دەکەوێتە ژێر کارتێکـەریی دۆکتـۆرینی لۆگۆسـی هێراکلیتو دوائاکام ساڵی ٣٠٠ی پێش زایین قوتابخانەکەی خۆی بنیات دەنێـت. شـوێنکەوتووانی فەلسـەفەی زێنـون سـەرەتا بـە زێنونییـان دەناسران، بەڵام دواتر، چونکە وەك کەسێکی نـامۆ نەیـدەتوانی ملکـی تایبەتی خۆی هـەبێتو خـەڵکی گەڕەکەکـە لـە نزیـك بـازاڕی ئاسـێنادا رەواقییەکیان پێ دا هـەتا لـەوێ وانـە بڵێتـەوە، بـە رەواقییـان ناویـان دەرکرد.

زێنـون لـە لێهـاتوویی فەیلەسـووفێکی یونـانی بـێبـەری بـوو، بـەڵام تێپەڕینی کات دەری خست کە دۆکتۆرینو لێڕوانینـەکانی وی بـۆ ژیـان بەرسڤی ئاتاجو پێویستییەکانی ئەوکاتی دەدایەوە.

زێنون بە جوانیو تەکووزی گەردوون واقی وڕمابووو بە قـوڵی بـاوەڕی بەوە بوو کە، تەکووزی پڕشکۆی جیهان ناتوانێـت بەرێکـەوت بووبێـت، بـەڵکوو ئـەم تەکووزییـەی بـە بەرهـەمی خشـتەی پڕمانـای لۆگـۆس دەزانی. رەواقییەکان وتەزای لۆگۆس تەنیا بە مانای ئاوەز یان وتووێـژ بەکار نابەن، بەڵکوو پتر لە هەموو شتێك بـە مانـای "ئـاوەزی جیهـانی ئەفرێنــەر"و هاوواتــای خــوا، زیــۆس، هێــزی ســەرەتایی، ئــاگری سەرەتایی، یاسای جیهان، چارەنووسو... دێت.

دەکرێت فەلسـەفەی رەواقـی بـە فەلسـەفەی لۆگـۆس نـاودێر بکـەین، چونکە زێنون پێی وابوو ئەرکی فەلسەفە توێژینەوەیـە لەسـەر ئـەوەی کە لۆگۆس چلۆن دونیا بەڕێوە دەبات.

لای رەواقییەکان خواو سروشت یـەك شـتنو ئەمانـە دوو نـاون کـە بـۆ راسـتییەکی یەکانـە دانـراون. زێنـون هـەموو جیهـانو ئاسمـانی بـە جەوهەری خوا دەزانی. هەموو چشتێك خوایە. هەموو شتێك لۆگۆسـەو هەموو شـتێك بەڕێـژە باشـە. جیهـان ئۆگـانیزمێکی یەکانەیـەو خـاوەن رۆحە. بۆ رەواقییەکان هەموو چشتێك مادەیە، تەنانەت لۆگـۆس، واتـە ئـاوەزی جیهـانی خـودایش زاتێکـی رۆحـی پـەتی نیـە، بـەڵکوو زیـاتر وەکی ئاگرێکی مادی وێنای دەکەن. خوا شتێکی بانتر لە جیهـان نیـە، بەڵکوو جیهان بە بنەمای خوا دەژمێردرێت.

زێنون لەم بـاوەڕەدا بـوو کـە ئـاوەزی جیهـانی هـەموو شـتەکانی، بـە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە، بۆ هەموو سەردەمەکان پێکەوە گونجانـدوە، بـە جۆرێـك کـە هـیچ شـتێکی تـازە لـە داهـاتوودا نیـە. بـە بۆچـوونی رەواقییەکان پێشکەوتنێك لـە پێڤـاژۆی جیهـاندا بـوونی نیـەو تێکـڕای شتەکان گەڕانەوەی وەکیەکن. ئەمـە چارەنووسـە کـە هـەموو چشـتو رووداوەکانمان دێنێتە پێش.

رەواقییەکان بوونی رێکەوتیان قەبووڵ نـەدەکردو گـەورەیی مرۆڤیـان لەوەدا دەبینی کە ئەو شتەی چارەنووس بـۆی دیـاری کـردەوە بکاتـە شتێکی شایانی قەبووڵکردن. بەم چەشنە دەبێ بڵێین کە رەواقییـەکان خزمـەتکارو پێداهەڵبێـژەری لۆگـۆس بـوون، واتـە ئـەو یاسـایەی کـە ناتوانین پشتگوێی بخـەین. ئامـانجی فەلسـەفەی رەواقـی بریتییـە لـە هاوئاهەنگیی ژیان لەگەڵ لۆگۆسدا. ژیانێك لەگەڵ ئۆقرەیی دەروونـی-دا، ئـازاد لـە سـۆزو کاریگەرییـەکانی وارسـکە، بـە چـاکییەوەو بـە شێوەیەك کە بەتەواوی لەگەڵ لۆگۆسدا بگونجێـت، تەنانـەت لـە کـاتی بەدبەختیو چارەڕەشیدا.

زێنون ساڵی ٢٦٢ی پێش زایین ماڵئاوایی لە جیهان کرد.

# ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبیاتی جیهان

و: ئازاد شێخی

(٢) دابەشکردنی کلتوور

ئەدەبیاتی رۆژهەڵات دەتوانێ بە شێوەیەکی جیاواز دابەش بکرێ بە پێنج جۆرو بەشی کولتووری، چوار لـــەوان کـــە نوێنەرایـــەتیی شارســـتانییەتە گـــەورەکان یـــان گرووپێـــك لـــە شارســـتانییەتەکان دەکەن:

١ــ رۆژهـەڵاتی نـاوینی کـۆن کـە شـوێنی لـە دایکبوونو سـەرهەڵدانی گـــەورەترینو ســـەرەتاییتـــرین شارســــتانییەتەکانی میســــرو لێوارەکـانی روبـاری نیـل بـووە. عەبرانییــــەکانی فەلەســــتینو سـومێرییەکان، ئاشـوورییەکانی بـین النهرینو هیت تییەکانی ئاناتۆلی.

هەموو ئەم شارستانییەتانە (هیت تییەکانی ئەم دواییانـەش) بەرهـەمی گـرینگو سـەرنج راکێشـی لـە دوای خۆی بەجێ هێشتوە.

٢ــــ دوای چــــەندین ســــەدە، شارســـتانییەتی ئیســـلامی ســـەری هەڵـداو لـە سـەر وێرانـە کۆنـەکانی جیهـــانی رۆژهـــەڵاتی نێوەڕاســـت بنیـادێکی نـوێو شارسـتانییەتێکی زیندووو قوڵی دامەزران، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دوو دیاردەی ئـەدەبیی گرینگی عەرەبیو ئێرانـی (فارسـی)، ریشـەو بنـەماو هـەوێنی ئـەدەبیاتو فەرهـەنگی فارسـی، چـەندین سـەدە پــێش لــە ســەرهەڵدانی ئیســلام شارستانییەتێکی گەورەیان هەبووە. بەڵام کۆنترین میراتو ئاسەوار زۆرتـر ئەو نمونە هونەریو پیشـەییانەن لـە کارەکـانی سـەردەمی ئیسـلامدا کـە نیشانەیە بۆ گەورەیی ئێرانییەکان.

ئەدەبیاتی ئیسلامی خۆی کرد بە شوێنە دوورو نزیکـەکانی رۆژهـەڵاتی نـــاوینو کاریگـــەریی خـــۆی لـــە سەرانســـەری بـــاکووری ئـــەفریقا تـاوەکوو جەبـەل تـاریق پـەرە پێـداو چــووە ئیســپانیا واتــە باشــووری رۆژهــەڵاتی ئورووپــا، لــە لایــەکی دیکەش ئەدەبیاتی ئیسلامی رێگـەی کەوتە دوورترین شوێنەکانی باشووری رۆژهــەڵاتی ئاســیا واتــە ئەنــدونزی. زمانی عەرەبی لە بنەڕەتدا سامییەو زمـــانی فارســـی لـــە ریشـــەی هێنـــدو ئورووپاییـەوە، ئـەدەبیاتی عـەرەبیو فارسی روونە، وێڕای ئەوەی کـە هـەر یـەکیان خـاوەن مـیراتو فەرهـەنگو ئــەدەبێکی جیــاوازن بــەڵام لــە سەردەمی ئیسلامیدا خاوەن مـیراتو فەرهەنگو ئەدەبێکی هاوبەشن.

باشـــووری ئاســـیا، وڵاتـــانی پاکســـتانو هێندووســـتانو ســـیلان، ئەفغانســـتان، ئیـــالاتی هیمالایـــاوە گرتـــووە هەرچـــەند ئـــەدەبیاتێکی جێگـەی سـەرنجو گەشـە سـەندووو پێشـکەوتوو لـە هێنـدی ئیسـلامیو دواتـــر لـــەوەش پێـــك هـــات، لـــە پاکســتانو هێندووســتان بــە زمــانی ئــووردوویی تێکــەڵاو لــە فارســیو هێنـدی بەرهـەمی ئـەدەبی گـەورە سـەریان هەڵـدا، زۆرێـك لـە بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی ئـەم ناوچـانە بنـەماو ریشەی سانکرتییان هەیـە (زمـانێکی هێنــــدوو ئورووپــــایی) نــــەوە نوێیەکانیشی رەنگدانەوەیەکی دیارە لە فەرهەنگی هێند. یەکیەتیی دینیو مەزهــەبیو پێــداگری نیشــتمانی ئـەدەبیات، وای کـردوە ئـەم ناوچـە بەربڵاوە زیاتر بـەرەو لای ئورووپـادا بشکێتەوە...

سەرچاوە: دایرەالمعارف ادبی



# کورد و دیپلۆماسیی میدیایی

(٢-١)

مادیح ئەحمەدی
madehahmadi@gmail.com

**دیپلۆماسیی میدیایی بەو مانایەیە کە وڵاتێک یا لایەنێک یان نەتەوەیەک بتوانێ لە پێناو ئامانجە ستراتیژی، تاکتیکی، نەتەوەیی و دیکەی هەڵوێستەکانی لە میدیا کەڵک وەربگرێ. واتە لەم سۆنگەیەوە تۆ بتوانی ئەرکی دیپلۆماتەکانت کەم بکەیەوە و لە کەناڵی دەزگاکانی راگەیاندنەوە دزە بکەیە نێو خەڵکی وڵاتانی جیهان و هێژمۆنیی خۆت زاڵ بکەی و برەو بە زمان، کولتوور، تایبەتمەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و... خۆت بدەی و هەڵوێست و روانگە و لێکدانەوەکانی خۆت رابگەیەنی و بگەی بە ئامانجەکانت**

**سەرەتا:**

هەر نەتەوەیەک بۆ دەربازبوون و گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی پێویستی بە خەباتێکی فرەرەهەند هەیە، ئەمەش هەلومەرج و هێز دیاری دەکات کە لە چ قۆناغێکدا دەرەتانی چ شێوە خەباتێک زیاترە. کە باس لە خەباتێکی فرە رەهەندی دەکرێ، بێگومان لە پەنای خەباتی چەکداری، مەدەنی، سیاسی و... دا راگەیاندن و میدیا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ و وەک شێوازێک لە خەباتیش دێتە گۆڕێ.

مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خەباتی نەتەوەیی کورد بە پێی قۆناغ و سەردەمی جیاوازی خۆی کۆمەڵێک مێتۆدی تاقی کردوەتەوە و ئەزموون و ئاکامەکانیشی بەرچاون، بەڵام بەگوێرەی پێویست نەیتوانیوە بچێتە پێشێ و لە هەموو بوارەکانیش دا کەموکووڕیی تایبەتی خۆی هەبووە. یەکێک لەو بوارانەی کە کورد ئاوڕی لێنەداوەتەوە میدیا و خەباتی میدیایی یا بە واتایەکیتر "دیپلۆماسی میدیایی"یە کە دەکرێ وەک کۆڵەکەیەک و رەهەندێکی خەبات چاوی لێبکرێ.

پەرەستاندنی رۆژبەرۆژی شەڕی زانیارییەکان لە ئاستی جیهاندا بوەتە هۆی ئەوەی دیپلۆماسی میدیایی بایەخێکی تایبەتی لە لایەن وڵاتانەوە هەبێ و رۆڵێکی سەرەکیش بگێڕێ. ئەم بابەتە هەر بەو جۆرەی ئاماژەم پێدا بەو بایەخ و گرنگایەتییە هێشتا لای کوردی نەگرتووەتەوە. بۆیە ئەم وتارە دەیهەوێ تیشک بخاتە سەر زەرورەتی بایەخدانی کورد بە دیپلۆماسیی میدیایی و گرنگایەتیی میدیا لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیی جیهانی و دیپلۆماسیی کوردیدا.

**دیپلۆماسیی میدیایی:**

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و پەرگرتنی شێوازی پەیوەندییەکان و هاتنەئارای کۆمەڵێک دەستەواژە و چەمکی نوێ لە پەنای پەیوەندییە کولتوورییەکان باس لە پەیوەندی نێونەتەوەیی دەکرێ و جەنگی دەروونی، ململانێی هزری، ئۆپەراسیۆنی دەروونی، جەنگ و ململانێی زانیاری، زانیارییە نێونەتەوەییەکان، زانیارییە ستراتیژییەکان، دیپلۆماسیی میدیایی و پەیوەندییە گشتییە نێونەتەوەییەکان دێنە گۆڕێ. لەم رووەوە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ئامراز و بەستێنی پەرەستاندنی شێوازێک لە دیپلۆماسی لە ژێر ناوی "دیپلۆماسیی میدیایی"دا پێک هێنا، کە بێجگە لە تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسیی کولتووری لە شێوازگەلێک کەڵک وەردەگرێ کە بە پێشاندانی وێنەیەک لە کولتوورێکی تایبەت لە میدیا گشتییەکاندا رێژەیەکی زۆر لە خەڵک دەبەنە ژێر رکێفی خۆیان. ئەو وێنەیە خاوەن پەیام و رەوتێکی خێراو کاریگەرییەکی تایبەتە کە زوو تێپەر دەبێ.

مێژووی دیپلۆماسی ئەوەمان پێدەسەلمێنێ کە پرۆپاگەندەکردن لە مێژە بوەتە ئامرازێکی سەرەکی و بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان.

لە دەیە سەرەتاییەکانی سەدەی بیستەم دیپلۆماسی لە ژێر کاریگەریی دوو فاکتەری سەرەکی وەک ١ـ پەرەگرتنی ئامرازەکانی پەیوەندی و دنیای راگەیاندن و ٢ـ بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی خەڵکی جیهان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دەبینی کە سیستمی نێونەتەوەیی، تێکنۆلۆژی و رای گشتیی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی نێونەتەوەیی وەک: پەرەستاندنی دیپلۆماسی و رێکخراوە و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، پێکدادانە ئایدۆلۆژیکەکان و بەکارهێنان و رەنگدانەوە و زەقکردنەوەی لە میدیا جیهانییەکاندا بۆ بەرینکردنەوەی ئەم بازنەیە، پەرەگرتنی تێکنۆلۆژییە مۆدێڕنەکانی پەیوەندی، زیادبوونی ژمارەی نەتەوەکان و وڵاتان وەک کاراکتەری بواری نێونەتەوەیی، سەرهەڵدانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاتن و ئامادەیی ئەکتیڤ و بەهێزی چین و ژاپۆن و رووداوی شۆڕشی ١٩١٧ی رووسیا و بە ئەندامبوونی کۆمەڵێک وڵات لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەربازبوونی دیپلۆماسی و ئەهرۆمەکانی لە ژێر رکێف و پاوانی وڵاتانی ئورووپاییدا.

پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨دا قۆناغی دیپلۆماسیی نوێ و کراوە دەست پێ دەکا و ئیدی شێوەی کلاسیک و نەریتی و داخراوی دیپلۆماسی باوی نامێنێ. ئەگەرچی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و تەنانەت لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا هێندێ لە وڵاتان بە شێوەیەکی زۆر کەم لە پێناو ئامانج و سیاسەتەکانیاندا لە میدیا کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین کە لە ساڵی ١٩١٨ بەملاوە کە قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکا، دیپلۆماسیی میدیایی دێتە گۆڕێ و لە سەردەمی جەنگی دووهەمی جیهانی (١٩٣٩ تا ١٩٤٥) بە زەقی دەورو کاریگەریی خۆی دادەنێ و لەلایەن وڵاتانی زلهێزی ئەو کاتەوە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

پاش جەنگی دووهەمی جیهانی و دابەشبوونی جیهان بە سەر دوو جەمسەردا بەربەرەکانییە سیاسییەکان و هەڤرکییە نێونەتەوەییەکان پێدەنێنە قۆناغێکی نوێیەوە و ئەمریکا بۆ شەڕ دژی کۆمۆنیزم و یەکیەتیی سۆڤیەت و پەرەدان بە بەهاکانی جیهانی کاپیتالیزم، ساڵانە بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم بوارە تەرخان کردو رۆژانە لە چەندین کەناڵی جیاوازی راگەیاندنەوە سیاسەت و ئامانج و مەبەستەکانی بە چەندین زمان بڵاودەکردەوە و پرۆپاگەندەی بۆ دەکا. بۆ وێنە: رادیۆ ئەمریکا بەتێچووی ١٧٠ملیۆن دۆلار لە ساڵ دا، هەڵوێستەکانی خۆی بە زیاتر لە٤٠ زمانی زیندووو بێوێنەی دنیا لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا بڵاو دەکردەوە. لە هەمان کاتدا (لەبەرامبەردا) دەزگاکان و کەناڵەکانی راگەیاندنی سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت رۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر و بە چەندین زمان بەرنامەیان دژی بەهاکانی جیهانی کاپیتالیزم و لیبرالیزم و دیکەی پرۆژەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بڵاو دەکردەوە. بۆ وێنە: رادیۆ "مۆسکۆ" زیاتر لە ٢هەزار کاتژمێر بەرنامەی هەفتانەی بە٨١ زمان بڵاو دەکردەوە.

پاش ئەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت هەرەس دێنێ و جیهانی دوو جەمسەری کۆتایی پێدێ، ئەمریکا لە پێناو پرۆژەکانی خۆیدا بۆ جیهان و بەتایبەت خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، راگەیەنەکانی خۆی بە جۆرێکی بەهێزتر رێکدەخاتەوە و دەکرێ بڵێین کە پاش رووخانی سۆڤیەتیش دیپلۆماسیی میدیایی لە سەر دەستی وڵاتانی زلهێزی جیهان قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکا. لەم رووەوە راگەیاندنی دونیای عەرەب لە ژێر هێژمۆنی ئەمریکادا گۆڕانێکی قووڵ بەخۆوە دەبینێ و رۆژانە بە دەیان بڵاوکراوە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکادا لە ناوچەکەدا دەردەچن. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە رۆڵی تلویزیۆنی ئەلجەزیرە، Arab News Network ANN، شەرقولئەوسەت و... بکەین کە چۆن هەڵوێستەگەلێکی ماوبەش و چەندلایەنە دژی سەدام لە هەمبەر داگیرکردنی کوێتدا دەگرن و سەرکەوتوو دەبن و لە هەمان کاتیشدا بە پەیڕەوی لە سیاسەتی وڵاتانێک باس لە کێشەگەلی ئایینی، سیاسی و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دا دەکەن و بەئەزموون وەرگرتن و وێنەگرتن لە پرۆگرامسازیی رۆژئاوا پانتایەکی نوێ بۆ دەربڕینی رەخنە دەکەنەوە.

جگە لەمە، ئێمە کە باس لە دیپلۆماسیی میدیایی دەکەین نابێ رۆڵی میدیا لە هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و ئەفغانستان لەبەرچاو نەگرین. بۆ وێنە دەوری "CNN" لەکاتی گرتنی بەغدا کە بە جۆرێک رای گشتی و راگەیەنەکانی دیکەی ئەمریکا بەتایبەت ئەوانەی کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەن ئاراستەی دەکرد. یا ئەوە کە هەر ئێستا ئەمریکا دژی ئێران و ئێرانیش دژی ئەمریکا بە چ شێوەیەک کەڵک لە میدیا وەردەگرن و ئاراستە بە رای گشتی دەدەن جێی رامان و لێکۆڵینەوەیە.

لە مێژووی دیپلۆماسیی میدیایی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەمیشە ئەو راستییە بەرچاوە کە وڵاتانێک توانیویانە باشترین کەڵک وەربگرن و بەمانای راستەقینە لە کەناڵی میدیاوە دیپلۆماسی بکەن کە خاوەن تێکنۆلۆژی و ئامرازی پرۆپاگەندەی پێشکەوتووتر بوون. بە واتایەکیتر، وڵاتانی پێشکەوتوو، سیستم گەلێکی بەهێزتریان هەیە بۆ پرۆپاگەندەکردن و لەو ئامرازانە بۆ سەرخستنی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان نەتەنیا لەسەر دەوڵەتان، بەڵکوو بەشێوەی راستەوخۆ لەسەر خەڵکی وڵاتان کەڵک لێ وەردەگرن.



لە راستیدا ئەگەر بەشێوەیەکی سادە چاو لە بابەتەکە بکەین بەوە دەگەین کە دیپلۆماسیی میدیایی بەو مانایەیە کە وڵاتێک یا لایەنێک یان نەتەوەیەک بتوانێ لە پێناو ئامانجە ستراتیژی، تاکتیکی، نەتەوەیی و دیکەی هەڵوێستەکانی لە میدیا کەڵک وەربگرێ. واتە لەم سۆنگەیەوە تۆ بتوانی ئەرکی دیپلۆماتەکانت کەم بکەیەوە و لە کەناڵی دەزگاکانی راگەیاندنەوە دزە بکەیە نێو خەڵکی وڵاتانی جیهان و هێژمۆنیی خۆت زاڵ بکەی و برەو بە زمان، کولتوور، تایبەتمەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و... خۆت بدەی و هەڵوێست و روانگە و لێکدانەوەکانی خۆت رابگەیەنی و بگەی بە ئامانجەکانت. هاتنە ناوەوەی میدیا لە بواری پەیوەندییەکان و کاروباری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بووە هۆی ئەوە ئەرکی دیپلۆماتەکان کەمببێتەوە. واتە نێردراوە میدیاییەکان رۆژبەرۆژ ژمارەیان زیادتر بووە و ژمارەی نێرداوی فەرمیی وڵاتان وەک دیپلۆمات کەمبووەوە. بەجۆرێک کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ تا ١٩٨٥ ئەژماری نێردراوە تلویزیۆنییەکان لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا دوو هێندە زیادی کردوە و رادەی وەرگرانیشی بووەتە سێ هێندە. ئەم بابەتە و ئەم خێراییە لە میدیادا بووە هۆی ئەوەی زانیارییەکان لە کەمترین ماوەدا لە نێوان وڵاتاندا ئاڵوگۆڕ بکرێن و جیهان بچووک ببێتەوە و ئینتیگراسیۆنێکی زیاتر لەچاو جاران لە نێوان وڵاتاندا بەرهەم بێ و سیستمی سیاسەتی نێونەتەوەییش لە هەمانکاتدا ئاڵۆزتر بێ. ئەم گۆڕانکارییانە رۆڵی دیپلۆماتەکانی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا سنووردار کردەوە و هێناویەنەتە ژێر رکێفی خۆیەوە. واتە زیادبوونی ئامێری پەیوەندی وەک: رادیۆ، تلویزیۆن، تێلێکس، فەکس، تەلەفوون و ئاژانسی هەواڵ و ماڵپەڕی ئێلکترۆنییە جۆراوجۆرەکان سیمایەکی رازاوەتری بە دیپلۆماسی و دیپلۆماتەکان بەخشی و لە هەمانکاتیشدا بەرپرسایەتیی دیپلۆماتەکانیشی لە ئاست پێشوودا کەم کردۆتەوە. چونکە ئەم خێراییە لە دیپلۆماسیدا، بەپێی ئەوەی لەودا لە ئامێری مۆدێڕن و پێشکەوتوو کەڵک وەردەگیردرێ، شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و... وردتر کردوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە هاتنە ئارای ئینتێرنێت، لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی داناوە و دیپلۆماسی میدیاییشی تووشی ئاڵوگۆڕێکی سەیر کردوە. لەم رووەوە کە چەندین جۆر بڵاوکراوەی ئێلێکترۆنیی ئەکتیڤ بوون و رۆژبەرۆژ پەرەدەستێنێ بەردەوامیش لەگەشەدان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە بەشداری سیاسی تاکەکان لە سنوورە جوگرافییەکان و یا هەر چەشنە لەمپەرێکی فیزیکیدا سنووردار نەکرێتەوە. بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت بەتایبەت تاکەکان، رێکخراو و دەوڵەتان لە هەر کاتێکدا کە بیانهەوێ لە ئاستێکی بەریندا لە دوایین زانیارییەکان لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی وەک کێشە و ململانێیە سیاسییەکان و پێکدادانەکانی و... کەڵک وەربگرن. بۆ نموونە هەر ئێستا زۆربەی وەزارەتخانەکانی کاروباری دەرەوەی وڵاتان و زۆر ناوەندی پەیوەندیداری دیکە بۆ ئاگادار بوون لە هەواڵ و رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان پەنا بۆ کۆمەڵێک ئاژانسی هەواڵی وەک: رۆیتێرز، ئاسۆشیتێدپرێس، فرانس پرێس و... دەبەن.

دامەزراوەی "ئاشتی"ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم دیاردەیەی وەک "بڵاوکراوەی دیپلۆماسی" لەم قەڵەم داوە و پێیوایە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە دیپلۆماتەکان ناچار بن لە بەرانبەر رووداوەکاندا دژکردەوەی خێرا نیشان بدەن و بەم چەشنە ئەو کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە لە بواری کێشە سیاسییەکاندا بەرێوە دەچن نەک تەنیا داناپۆشرێن و ناشاردرێنەوە، بەڵکوو لە کەناڵی تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتەوە کاریگەریی خۆی لە سەر بەردەنگەکانی دادەنێ.

هەر رۆژە رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت دەچێتەسەرێ و چینگەلێکی جۆراوجۆر وەک رێکخراوە ناحکوومەتییەکان (NGO)، تەنانەت ئەوانەی دژی سیاسەتن، رێکخراوە یارمەتیدەرو خێرخوازەکان، تاکەکان، گرووپەکان، کۆمەڵانی جۆراوجۆر، ئەنجومەنەکان و... کەڵکی لێ وەردەگرن. کۆمەڵێک لە لێکۆڵینەوەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لەمەر دیپلۆماسیی میدیایی، باس لەوە دەکات کە بەرزبوونەوەی ئاستی گواستنەوەی زانیارییەکان لە لایەن میدیا گشتییەکانەوە بووەتە هۆی گۆڕین و ئاڵوگۆڕ لە رۆڵی دەوڵەتان و بەکارهێنانی میدیایی وەک ئینتێرنێت، بواریان بۆ ئەوە رەخساندوە کە بژاردەکانی کۆمەڵ خاوەن دزە (نفوز)یەکی شیاوی سەرنج بن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە لە پرۆسەیەکی زەمەنیدا گواستنەوەی خێرای زانیارییەکان لە کەناڵی میدیا گشتییەکانەوە و تێکنۆلۆژیی نوێی پەیوەندی وەک سەتەلایت و ئینتێرنێت و... بۆتە هۆی ئەوەیکە لە ئاکامدا بۆ گۆڕینی بیروڕای گشتی وڵاتان و ئاراستە پێدان بەو بیروڕایە جیهانی رۆژئاوا بکەویتە بیری کەڵک وەرگرتن لە دیپلۆماسییەکی نوێ کە لە پێناوی بیروڕای گشتیی ناوچەکەدا بجووڵێتەوە و بتوانێ کاریگەریی لەسەر دابنێ.

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

## (بەشی پازدەیەم)

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزییەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە.**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
کەماڵ حەسەنپوور

ڕەخنە گرتن لەم جۆرە شێواویانە لە بازارە ڕاستەقینەکان (real markets)، کە لادانێکن لە ئابووری بازاری نموونەیی (Ideal marketeconomy)، بە هیچ جۆر بە مانای دژایەتی کردن لە گەڵ ئاڵوگۆڕی ئازاد لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا نیە، یا خود دژایەتی کردنی ئازادی هەڵبژاردن بۆ مەسرەفکەر و تەنانەت بازرگانی تاکیی نیە. بەڵام زۆرجار ئەم جۆرە ڕەخنە گرتنانە لە شێوەی ـ شێواوی ـ کار کردن وەک ڕەخنە گرتن لە ڕێسای ئابووری بازار سەیر دەکرێت. یا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر: وەک ڕەخنە لە بازرگانی ئازاد. چونکە گفتوگۆی ئەورۆ بە جۆرێکە کە هەندێک دەخوازن بازرگانی ئازاد و بازاری ئازاد وەک یەک شت سەیر بکرێن، لە ناو نوێنەرانێک کە ڕاشکاوانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی هەندێک لایەنی ناو کەرتی بازرگانی دەکەن وا باوە کە لە "بازاری ئازاد" وەک پاساوێک بۆ هەنگاوی وەها کەڵک وەر بگرن کە بە قازانجی بازرگانان بێت لە سەر حیسابی گروپەکانیتر.

بەڵام "بازاری ئازاد" داوای دڵسۆزیی یەک لایەنە بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەتی بازرگانان ناکات. بە پێچەوانە پێشمەرتی بازاری ئازاد، بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی بازرگانان لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی مەسرەفکەران ویا کرێکاران هاوسەنگ بێت و کە ئەوان هەر بە هەمان شێوە توانای پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان هەبێت.

بۆ دەستەبەر کردنی ئەو توانایە، ئەوەی کە پێویستە ڕێگا چارەی جەماوەرین. یاسای مەسرەفکەران، بۆ وێنە، هەندێک داخوازی لە بارەی سەلامەتیی بەرهەمدا هەیە. سەندیکا کرێکارییەکان هەندێک چاکسازییان لە شوێنی کار دەستەبەر کردووە. هەر دووی ئەو هەنگاوانە دەبنە هۆی کەڵک وەرگرتنی باشتر لە سامانەکانی بەرهەمهێنان، هەم لە بواری ئینسانی و هەم لە بواری ماددییەوە و کەڵک وەرگرتنی کاریگەر لە سامانەکان بەشێکە لەو ئامانجانە کە بازاری ئازاد چاوەڕوانیی دەستەبەر کردنی لێ دەکرێت.

مێژووی جووڵانەوەی ناوەندی هەرەوەزی مەسرەفکەران چەندین نموونەی سرنج ڕاکێش دەداتە دەست کە چۆن خەڵک توانیویانە ڕێگا بۆ باشتر کردنی بازاری ئازاد لە ڕێگای بە هێز کردنی دەوری مەسرەفکەران خۆش بکەن و هەروەها نیشانیان داوە چۆن مرۆڤ دەتوانێ بە هەندێک ئامانجی گرنگی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ئەم جۆرە هەوڵانە بگات. (وەک پەراوێزێک بۆ مێژووی بیروباوەڕەکان جێگای ئامارە پێکردنە کە بیرمەندانی پێشرەوی جووڵانەوەی ناوەندە هەرەوەزییەکان لە ساڵەکانی ١٩٣٠ پشتگیری تێزێکیان دەکرد کە دەیگوت جووڵانەوەی کرێکاری دەتوانێ و دەبێ لە پرۆگرامە ڕێفورمییەکانی خۆیان کەڵک لە میکانیزمەکانی بازار وەر بگرن).

وەک نموونەیەکی کلاسیک مرۆڤ دەتوانێ باسی ئەوە بکات کە چۆن جووڵانەوەی هەرەوەزی، بە دەست پێکردن بە دروست کردنی چراگلۆپی خۆیان و ڕۆنی حەیوانی توانیان شێوازی قۆرخ کراوی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانە لە لایەن بەرهەمهێنەران تێک بدەن و بەو شێوەیە ببنە هۆی دابەزاندنی نرخ و باشتر بوونی چۆنیەتی ئەو کاڵایانە بە شێوەیەکی بەربڵاو. ویستی دروست کردنی خانووی باش زۆر لاواز بوو تاکوو HSB (کۆمەڵەی پاشەکەوت کردن و خانوو دروست کردنی کرێگرتەکان) نیشانیدا کە دەکرێ ئاپارتمانی بچووکی پۆشتە لە بواری کەلوپەلەوە و بە نەخشەی باش کە بە مووچەی کرێکاری ناوەندی پیشەسازی لە کڕین بێت دروست بکرێت. لە دوای ئەو زۆر کۆمپانیایتر لاسای ئەوانیان کردەوە.

لەو دواییانەشدا زۆر نموونە هەن کە نیشان دەدەن چۆن جووڵانەوە جیاوازەکانی بواری ژینگە لە پشتگیریی کردن و سەر خستنی داخوازەکانی مەسرەفکەران بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای وەها کە زەرەریان بۆ ژینگە کەمتر بێت سەرکەوتوو بوون، سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە لە سەرەتادا بەرهەمهێنەرەکان ئەو داخوازییانەیان ڕەت دەکردەوە و دەیان گوت بە جێهێنانی ئەو داخوازییانە لە بواری تەکنیکییەوە مومکین نیە. هەروەها ژمارەیەک لیبراڵ هەن کە دان بەو بۆچوونەدا دەنێن کە "بازاری بە تەواو ئازاد" هەمیشە بە گوێرەی خەون و هیواکانی (Ideals) ئابووری بازار کار ناکەن. بەڵام "بازارە بێپەیڕەوەکان" (unregulated markets) و ئەو بازارانەی کە لەوێدا بەرژەوەندیی ناوەندە بازرگانییەکان و سەرمایە دەسەڵاتی ئێجگار زۆریان هەیە، هەمیشە یەک شتن. کەس ناوی "بازارێکی بێ پەیڕەو"ی بیستووە کە لەوێدا مەسرەفکەران ئاستێکی زۆر بە هێزیان هەبووبێت؟

ئەوە ڕاستییەکە کە دنیای بازرگانی هەمیشە بە ویستی خۆی پەیڕەوی لە خەون و هیواکانی بازاری ئازاد ناکات. ئەوە شتێکی سروشتییە کە پێشمەرتی بازاری ئازاد بازرگانیی ئازادە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بڵێین بازرگانیی ئازاد خۆی گەرانتی بازاری ئازاد دەکات. بە پێچەوانە، ئەگەر ناوەندە بازرگانییەکانی کەرتی تایبەت بە حاڵی خۆیان وێڵ بکرێن، زۆرجار بە پێچەوانەی ڕێساکانی ئابووردیی بازار دەجووڵێنەوە.

پێشمەرتی ئابووردیی بازار پێشبرکێی چەندین کۆمپانیایە کە لە پێوەندیی لە گەڵ یەکتر سەربەخۆ کار دەکەن، کە لەوێدا هیچ کامیان ئەوەندە گەورە نابن کە بتوانن بۆ خۆیان دەسەڵاتیان بە سەر دابین کردن و لەو ڕێگایەوە داخوازی بۆ بەرهەمێک هەبێت. لە ڕاستیدا زۆربەی کۆمپانیاکان ئەوەی لە توانایاندا بێت بۆ خۆبواردن لە پێشبرکێ ئەنجامی دەدەن. شتێک کە زۆر باوە ئەوەیە کە ئەوان تێدەکۆشن کە "پلە و پایەی مارکی" تایبەتی بە بەرهەمی خۆیان بدەن بۆ زاڵ کردن بە سەر بەرهەمەکانیتر لە کاتێکدا کە ئەوانیش هەروەک بەرهەمی خۆیان باشن. ئەوە شتێکی شاراوە بۆ کۆمپانیاکان نیە کە بازار لە ناو خۆیاندا دابەش بکەن، یا خود چەند کۆمپانیای بچووک یەک بگرن بۆ ئەوەی کە بگەنە ئاستێکی بە هێزتر و مەترسی پێشبرکێ لە بازاردا کەمتر بکەنەوە.

هەندێک جار ڕوویداوە کە کۆمپانیایەکی گەورە، کۆمپانیا بچووکە بەربەرەکانیکەرەکانیان کڕیوە تەنیا بۆ ئەوەی کە ئەوان دابخات و بەو شێوەیە ببێتە تەنیا کۆمپانیا لە بازارێکی تایبەت.



لە ڕوانگەی کۆمپانیاکانەوە هەمووی ئەوانە بە شێوەیەکی ماقوڵ جێگای بەرگری کردنن: ئەو ئاستەی ئەوان هەیانە و توانای سوود کردنیان بە هاتنە خواری ڕێژەی بەربەرەکانیکەران مسۆگەر دەبێت. هەر بۆیە ویستێکی سروشتی بەرەو قۆرخ کردن لە ناو بازاری ئازاددا هەیە، شتێک کە مارکس زۆر بە ڕوونی نیشانی داوە.

بۆیە یاسا دانان لە دژی کۆسپەکانی بەربەرەکانی و لە دژی دامەزراندنی کارتێلی جۆراوجۆر شێوازێکی گرنگە بۆ پاراستنی بازاری ئازاد. بە هەمان شێوە دام و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان ـ وەک یاسا دانان بۆ لە بەر چاو گرتنی مەرجی ڕوون بۆ مامەڵە بازرگانییەکان ـ دەورێکی گرنگ بۆ هەرچی باشتر کار کردنی بازاری ئازاد دەگێڕن، ئەوە شتێکە کە توێژینەوەی ئابووری مودێرن هەرچی ئاشکراتر نیشانی دەدا. کەڵک وەرگرتن لە یاسای دەوڵەتی بۆ پشتگیری لە بازاری ئازاد و دڵنیا بوون لەوە کە بازار بە شێوەیەکی دڵخواز کار بکات وەک پارادۆکسێک دەچێت، بەڵام ئەوە تەنیا ئەو شتە نیشان دەدا کە ئێمە لە سەرەوە گوتمانە: بازاری ئازاد بە تەنیا ناتوانێ گەرانتی بازاری ئازادی ڕاستەقینە بکات و ئەوە گرنگە کە ئێمە بەرژەوەندیی بازاری ئازادی ڕاستەقینە لە گەڵ ئەوەی کە تەنیا بەرژەوەندیی تاکیی لەلایەن بازرگانەکانەوەیە لێک جیا بکەینەوە.

### کەم و کوڕی یەکانی مودیلی بازاڕ

مودێلی بازار، هەروەک گشت مودێلی ئابووری، کەموکوڕی تایبەت بە خۆی هەیە. هەندێک شت هەن کە ئەو ناتوانێ بەڕێوەیان ببات، تەنانەت لە حاڵەتی نموونەیی خۆشیدا.

بازار ناتوانێ بەڕێوەبەریی ئەو خزمەتگوزارییانە بکات کە پەتەی نرخی بە سەرەوە نیە، وەک هەوا و ئاو، یا خود ژینگە بە واتایەکی گشتی. بۆ بازار دژوارە کە کەمایەتییەکان لە بەر چاو بگریت. چونکە ئەگەر هەر یەک لە تاکەکان توانای کڕینیان بە تەواوی وەک یەک بێت، دیسانیش دۆخی وەها هەن کە قازانجی زۆرتر لەوە دایە کە کاڵایەک بەرهەم بهێنی کە لە لایەن سەدان هەزار کەسەوە داوای دەکرێ لە جیات ئەو کاڵایە کە تەنیا لە لایەن دە کەس داوای دەکرێت، مەگەر ئەو دە کەسانە بە یەکەوە بتوانن بڕێک زۆرتر پارە لەو سەدان هەزار کەسەکەیتر بدەن.

ئەو حەزە سروشتییە لە لایەن بازارەوە کە جەخت لە سەر ناوەندی گۆڕەپان بکاتەوە، ئەو شوێنە کە زۆرترین ژمارەی کڕیاران لەوێ دەدۆزرێنەوە، بە تایبەت لە بەشی میدیاکاندا زۆر ئاشکرایە. ئەمڕۆ ئێمە ژمارەیەکی زۆر کاناڵی تەلەفزیۆنیمان هەن بەڵام هەموویان جەخت لە سەر دروست کردنی یەک چەشنە پرۆگرام دەکەن- دەنگوباس، وەرزش و بەرنامەی ڕابواردن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاوی داخوازیی بینەران لە پشتێنی ناوەندا (middle belt) دەدۆزرێنەوە و ئەوە لەوێیە کە مرۆڤ دەتوانێ شوێنی ڕێکلام بفرۆشێت. ئەو ئازادیی هەڵبژاردنەی کە بازار پێشکەشی دەکات ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان چەندین شێوە پرۆگرامدا نیە، بەڵکوو ئازادی هەڵبژاردنی کاناڵی جۆراوجۆرە کە مرۆڤ دەتوانێ یەک شێوە پرۆگرام تەماشا بکات.

تەنانەت ئەوانەی کە لە بارودۆخی ئاساییدا لایەنگری قورس و قایمی بازاری ئازادن ئێستا هەست پێدەکەن کە پێویستە لە جیاتی دانی کۆنترۆڵی گشت کاناڵەکان بە دەستی بازار، هەندێک کاناڵ کە لە کۆنترۆڵی بازار دانین هەر وا بمێننەوە، چونکە ئەو بینەرانەی کە داخوازی تایبەتییان هەیە دەبێ شتێک هەبێ کە لە ناویان هەڵی بژێرن.

بە شێوەیەکی گشتیتر، مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە بازار ناتوانێ سامانەکان بە پێی پێداویستییەکان دابەش بکات، بەڵکوو تەنیا بە پێی ئەو داخوازییانەی کە لە ڕێگای پارەوە دەدوێت. ئەوە بەو واتایە کە بازار هەمیشە ئەو چەشنە داخوازییانە وەپێش دەخات کە دەتوانن باشترین پارە بدەن.

لایەنگرە بنەچەگەرەکانی ئابووریی بازار بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو ڕەخنەیە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کە ئەوە ئاشکرایە کە بەرهەمهێنان دەبێ بۆ ئەو شێوە چالاکییانە بگوێزرێتەوە کە لەوێدا زۆرترین ڕێژەی داخوازیی هەیە؛ بیانووی ئەوان ئەوەیە کە داخوازیی زۆر ڕەنگدانەوەی پێویستی زۆرە. ئەوە ئەو هێڵە فکرییەیە کە بە تەواوی بایەخی جیاوازی توانایی ئابووری لە دیاری کردنی داخوازییەکان پشت گوێ دەخات. ئەو ڕاستییە کە منداڵەکانی شارە کەپرینەکانی ئەمریکای لاتین زۆرجاران توانای کڕینی پێڵاویان نیە، لە هەمان کاتدا بنەماڵەکانی چینی باڵا دەست جلوبەرگ وەک شێوەیەکی ڕابواردنی ڕۆژانە دەکڕن، بەو مانایە نیە کە پێویستی منداڵەکان بۆ پێڵاو کەمترە لە پێویستی جلوبەرگی مۆدێلی لوکسی بنەماڵەکانی چینی باڵا دەست.

تەنیا شتێکی کە ئەوە پیشانی دەدات ئەوەیە کە چینی باڵادەست ئێجگار پارەیان لەوە زۆرترە کە خەرجی مەسرەفەکانیانی بکەن.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# پارتەکانی خۆرهەڵات و هەستیارێتی چرکەساتی هەڵبژاردن

سامان کۆنەپۆشی

**لە دونیای سیاسەتیش‌دا زیندوو بوون، چالاکی، بزۆزی، توانستی کێشە خوڵقاندن‌و گیانلەبەربوونە کە ڕۆڵ دەگێڕێت‌و لە هاوکێشەکان‌دا حسێب بۆ لایەنەکان دەکاتەوە، نەك بەڵێنیدانی بێبنەما.**

ئەرەستو جیاوازییەکی گەورەو گرنگ لە نێوان گیانلەبەرەکان‌و بێ-گیانەکان‌دا بەدی دەکا، ئەویش ئەمەیە کە گیانلەبەران لە زاتی خۆیان‌دا خاوەن هێزی جوڵەو گۆڕانن، یان بە دەربڕینێکی دیکە چالاك‌و ئەکتیڤن‌و بۆ چالاکیش پێویستییان بە هێزێکی دەرەکی نیە کە ڕۆڵی پاڵنەریان بۆ بگێڕێ. بەڵام بێگیانەکان پاسیڤ‌و ناچالاکن‌و دەبێ هێزێکی دەرەکی پاڵیان پێوە بنێت هەتا بجوڵێن‌و بگۆڕدرێن. ئەم بزۆزی‌و ئەکتیڤ بوونەی گیانلەبەران دەبێتە هۆی ململانێ، پێکدادان‌و شەڕ بۆ مانەوە لە نێوان گیانلەبەران‌داو بێگیانەکانیش لەم ململانێ‌و شەڕی مانەوەیەدا بە تەواوی پاسیڤ‌و بێکارکردن‌و هیچ ڕۆڵێك ناگێڕن.

چەند ساڵ پێش ئێستا تەماحی کۆلۆنیالیزمی پۆست مۆدێرنی سوپێر کۆلۆنیالیستەکەی دونیا، ئەمجار چاوی بڕییە دەڤەرە نەوتاوییەکەی خۆرهەڵاتی ناڤین‌و، هێرشی سەربازیی ئەم وڵاتە رووخانی دوو رێژیمی خوێنمژی بنازۆخوازیی ئیسلامی تالبان‌و بەعسی سەدام حوسێن‌و کوژرانی هەزاران کەس لە خەڵکی ماڵوێران‌و هەژاری ئەم وڵاتە لێقەوماوانەی لێ کەوتەوە. تەنیا شتێکیش کە بەدی نەهات پەرەسەندنی دێمۆکراسی بوو لەم سەرەڕۆخانەیەدا، بەڵکوو تەنیا سیاسەتی قازانپەرستانەی سەرکۆلۆنیالیست زیاتر سێبەری بە سەر ئەم دەڤەرەدا خست‌و تا رادەیەکیش لە ئاسایشی ئاپارتمانە جمکەکانی وڵاتەکەی دڵنیا بوویەوە. لە دوای ئەم دوو رێژیمە وێدەچوو تاکتیکی کۆلۆنیالیستی تەکووزیی نوێی جیهانی قامکی روو بە ئێران، وڵاتی سوپێر مێشکە داڕێژەرەکانی دیکتاتۆریی سیستماتیکی ئیسلامی راکێشابێ. هەر ئەوەندەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە بەشێکی گەورە لە پارتەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ئاسۆ فانتێسیکەکەی ڕزگاریی کوردستانی بندەست لە ئاسمانی دووکەڵاویی ئەمریکادا بەدی بکەن‌و، لە بری دەست پێ کردنی خولێکی نوێی خەبات‌و بوونەوە بە گیانلەبەر، کە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری ئەمڕۆی شۆڕشی نەتەوەیی سۆسیالیست دیموکراتیکی خۆرهەڵاتی کوردستانە، ئەمجار هەرچی هیواو ئاواتی چارەڕەشانی کورد هەیە تێکەڵ بە ئاپارتمانە بەرزەکان‌و دووکەڵەکانی ئەو کارگەو کارخانانە بکەن کە لە ئارەقەی نێوچاوانی زەحمەتکێشانی وڵاتە هەژارەکانی جیهانەوە تێر دەکرێن. لە سیاسەت کردنیش‌دا جگە لە پەیڕەو کردنی سیاسەتی چاولەدەستی هیچ شتێکی دیکەیان پێ نەکراوە. هەر ئەم پرسەش روخساری ئەم پارتانەی گۆڕی‌و لە پارتێکی شۆڕشگێڕەوە بوونە پارتێکی چاوەڕوانی دەستی ڕەحمەتی زل کۆلۆنیالیستەکە.

ڕاستە کە ئەمریکاو ئێران ماوەیەکە لە شەڕێکی سیاسی دان بە دژی یەکترو لە پیلانی بەزاندنی یەکتر دان‌و ئەمەش خەمی سەرەکیی هەردوو لایە. ڕەنگە ئەمریکییەکان سەردەمانێکیش بیرۆکەی رووخانی ئەو رێژیمە ملهوڕەیان لە مێشك‌دا بووبێ. بەڵام ئایا هێرش کردنە سەر ئێرانیش هەر وەك ئەفغانستان‌و ئێراق هەر وا بە سانایی دەلوێ؟ ڕەنگە لە دوای تێپەڕینی چەند ساڵ بە سەر پرسەکەدا تۆسقاڵێك ڕووناکایی دەرکەوتبێ‌و بکرێ بڵێین کە هێرش کردنی ئەمریکا بۆ سەر ئێران نرخێکی ئێجگار زۆرتر لە ئەفغانستان‌و عێراق دەخوازێت. هەروەها تەقینەوە ڕۆژانەکانی بەغداو دیتر شارەکانی عێراق‌و جاربەجارێکش باشووری کوردستان پێمان دەڵێن کە، رووخاندنی ڕێژێمك بە٢٠ شەو کۆتایی کارەکە نیە.

لە لایەکی دیکەشەوە پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ کە ململانێی سیاسیی چەند ساڵەی ئێران‌و ئەمریکا زیاتر لە بەرژەوەندیی کام لایەن‌دا تەواو بووە، ئێران یان ئەمریکا؟ ئەگەر ئاوڕ لە رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو بدەینەوەو سەرنج لە ئاخافتنەکان‌و زمانی ئاخافتنی کاربەدەستانی هەردوو وڵات بدەین‌و دەرکەوتە واقعییەکان بخەینە بەر سەرنج، دەبینین کە، لانیکەم تاکوو ئێستا، ئەمە ئێرانە کە لەم شەڕە دیپلۆماتیکەدا سەر کەوتووە، نەك ئەمریکا. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئێران پێداگریی زیاتر لە سەر هەڵوێستەکانی خۆی دەکات‌و ئەمریکاش بەردەوام لە ڕەوشی پاشەکشە کردن‌دا بووەو تا دێ بە زمانێکی نەرمونیانتر لەگەڵ ئێران دەدوێ. مەگەر لە بیرمان چۆتەوە ئەو کاتەی کۆبوونەوەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە سالۆنێکی کۆنگرێسی ئەمریکادا بەڕێوە چووو هەموو پێی شاگەشکە ببوون، ئەوکات هێشتا هیچ کام لە پارتەکانی دێمۆکرات‌و کۆمەڵە شەق نەببوون، بۆ ڕۆژی دواتر بووش ڕای گەیاند کە ئەگەر ئێران هاوکاریمان بکاو دەست لە بەرنامە ناوکییەکانی هەڵ بگرێت ئێمە هاوکاری پاراستنی تەواوییەتی ئەرزیی ئێران دەکەین؟ مەگەر ڕاپۆرتەکەی سیا کە جەختی لەوە دەکردەوە کە ئێران ماوەی چەند ساڵێکیشە بەرنامە ناوکییەکانی خۆی بە مەبەستی دروست کردنی چەکی ناوکی ڕاگرتووە، بۆ گارانتی کردنی تەناهیی ڕێژیمی ئێران‌و دڵنیا کردنەوەی ئەم ڕێژیمە لە نەبوونی ئەگەری هێرشی سەربازی نەبووبێ بۆ، شتێکی دیکە بوو؟ تەنیا پێداگرتنەوەی دووبارەی ئێران لە سەر سیاسەتەکانی خۆی بووە هۆی ئەوەی کە دواتر کاربەدەستانی سیاسیی ئەمریکا لەم پاشەکشە حەیابەرانەیەی خۆیان پاشگەز بوونەوەو سەرلەنوێ دووپاتیان کردەوە کە ئەگەری هێرشی سەربازی هێشتا لە جێی خۆی دایە!



پێویستە لێرەدا ئاماژە بە بوونی دوو وڵاتی چین‌و روسیا بکەین. جیهانی ئەمڕۆ بە پێچەوانەی ڕاڤەو شرۆڤە هەرمێندارەکان جیهانێکی تاك جەمسەری نیە، بەڵکوو جیهانی ئەمڕۆ بە سەر چەند جەمسەری جیاوازدا بەش بووە. بینینی تاك ڕەهەندیی جیهان جگە لە ساکاربینی و رووکەشبینی لە پرسی ڕاڤە کرنی جیهانی ئاڵۆزو دابەشین هەڵگری ئێستادا ناتوانێت شتێکی دیکە بێ. ئەگەر لە لایەك ئەمریکاو هاوپەیمانانی هەن، لە لایەکی دیکەشەوە چەندین وڵاتی گەورەو بچوکی دیکە هەن کە دژ بە ئەمریکاو سیاسەتەکانی ئەم وڵاتەن. ڕەنگە بکرێ ئەمریکا بە زلهێزترین وڵاتی جیهان لە قەڵەم بدەین بەڵام ناتوانین ئەم وڵاتە بە یەکانە هێزی جیهان بزانین، لە سەردەمی ئێستادا چەندین هێزی لۆکاڵی‌و جیهانی دیکەش هەن. هەرێمی بینینی شۆڕشگێڕ دەبێ زۆر بەرینتر لەوە بێ کە قەناعەت بە شیکارییەکی تاك ڕەهەندی بکات.

لەگەڵ ئەمانەش‌دا ڕەنگە سروشتی بێ کاتێك ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە هەڕەشە لە ڕێژیمێکی سەرەڕۆی وەك ئێران دەکا، هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتنخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن سیاسەتی خۆنزیك کردنەوە لەو وڵاتە بگرنە پێش، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە ئەمەیە کە ئێمەی کورد هەردەم جیهانێکی ریاڵی وێران‌و کاولبوومان هەبووەو دەستیشمان داوەتە ئەفراندنی جیهانێکی فانتێسیکی بێ-کەموکوڕی. تاك و کۆمەڵی کوردیش هەمووکات لە دوو جیهانی پێکدژدا ژیاون، لە دۆزەخێکی واقعی‌و هاوکاتیش لە بەهەشتێکی فانتێسیك‌دا. پارتە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتیش لە خوڵقاندنی ئەم بەهەشتە فانتێسیکەدا بۆ ئەندامانی خۆیان‌و تاك‌و کۆمەڵی کوردیش بەرپرسیارن. **لە دونیای سیاسەتیش‌دا زیندوو بوون، چالاکی، بزۆزی، توانستی کێشە خوڵقاندن‌و گیانلەبەربوونە کە ڕۆڵ دەگێڕێت‌و لە هاوکێشەکان‌دا حسێب بۆ لایەنەکان دەکاتەوە، نەك بەڵێنیدانی بێبنەما.** لە کاتێك‌دا کە پارتەکانی خۆرهەڵات بە تێکڕا ناتوانن لە نێوخۆی وڵات بچوکترین چالاکی بنوێنن، چلۆن دەتوانن کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی وڵاتێکی زەبەلاحی وەکی ئەمریکا هەبێ؟ بێگیانەکان دەتوانن چ ڕۆڵێکیان لە ململانێی نێوان گیانلەبەران‌دا ببێت؟ ئەم پارتانە ئەگەر دەخوازن پەیوەندیی دیپلۆماتیك لەگەڵ لایەنێك دابمەزرێنن دەبێ گۆڕانکاریگەلێکی ئێجگار بنچینەیی لە خۆیان‌دا پێك بێنن‌و سەرلەنوێ بێنەوە گۆڕەپانی خەبات لە خۆرهەڵاتی کوردستان، کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ستارتی ئەم کارەی لێ داوەو بووە بە ڕچەشکێنی ئەم گۆڕانانەو بەم کارەش تا ڕادەیەك ڕێگاکەی بۆ لایەنەکانی دیکە خۆش کردوە، وێجا دەتوانن کاری دیپلۆماتیك بکەن‌و چیتر لە کاروباری دیپلۆماسی‌دا رووگەی مافی مرۆڤ وەلا بنێن‌و بە ڕاستی بتوانن بڵێین ئێمە پەیوەندیی دیپلۆماتیکمان لەگەڵ فڵانە لایەن هەیە.

سارتەر دەڵێت، گەورەترین‌و هەستیارترین‌و ئەستەمترین چرکەسات بۆ مرۆڤ، دڵەڕاوکێی چرکەساتی هەڵ بژاردنە. پارتەکانی خۆرهەڵاتیش لە دۆخی هەڵبژاردنێکی دیاریکەری ئێجگار هەستیار دان، یان چالاك بوونەوە، پشت بە خەڵك بەستن‌و سەرلەنوێ گیان بە بەرخۆدا کردنەوە، یاخود بە بێگیانی مانەوەو دانیشتن‌و دووبارە دیپلۆماسی‌و مافی مرۆڤو لە دوائاکامیش‌دا شەقبوونی پەیتاپەیتا.

---

# پەیڤ

## ژنان‌و قەمچییەکەی نیچە

سامان فەقێ نەبی

"کاتێك کە دەچی بۆ لای ژنان، قەمچی لەبیر مەکە." ئەمە وتەیەکی نیچەیە کە لە کتێبی" وەهای گوت زەردەشت" دا لە زمانی پیرە ژنێکەوە دەری بڕیوەو زۆرێك لە بەناو ئەو پیاوانەی کە باوەڕیان بە مافەکانی ژنان نیە، بۆ ئەوەیکە بە قەول ڕەنگێکی فەلسەفییش بەم باوەڕە کۆنەپەرەستانەیەیان ببەخشن، لەم رستەیە کەڵك وەردەگرن، بەبێ ئەوەیکە دوو خاڵی سەرەکیی لەبەرچاو بگرن:

یەکەم، نیچە لە نێو بنەماڵەیەك‌دا ژیاوە کە کۆمەڵێك ژن‌و کچی دواکەوتوو و تا ڕادەیەکیش نەخۆشی ( لەبواری دەروونی ) تێدا بووە. ئەم مەسەلەیەو هەروەها کاریگەریی پێك نەگەیشتنی نیچەو خۆشەویستەکەی، جۆرە قین‌ودڵڕەقییەکی بەنیسبەت ڕەگەزی مێینە لە ناخی‌دا دروست کردووەو وای کردوە، کە ئەم رستە سەیرە لە هەمبەر ژنان‌دا بەکار ببا. هەر بۆیە هەڵەیە کە ئەم وتەیە وەکوو روانگەیەکی گشتگیر لەلایەن کەسانی دیکەوە بەکار بهێندرێ.

دوویەم، نیچە ئەم قسەیە لە زمان پیرە ژنێکەوە دەکا، واتا لێرەدا بە جۆرێك هەوڵی ڕۆشنگەری دەداو بە ژنان دەڵێ کە ئەوە خۆیانن کە سووکایەتی بە خۆیان دەکەن‌و بە چاوێکی سووکەوە سەیری ڕەگەزی خۆیان دەکەن.

دەکرێ بڵێین کە مەبەستی نیچە زیاتر لە خاڵی دوویەم‌دا کورت دەبێتەوە. لە ڕاستی‌دا ژنان بۆخۆیان بە هۆی ئەسیر بوون لە نێو دیسکۆرسی پیاوسالاریدا بوونەتە یارمەتیدەرێك کە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان هەروا پێشێل بکرێ.

هەر لە چوارچێوەی ئەو دیسکۆرسەدا پێویستە ئاماژە بە بانگەشەیەکی باو بکەین. زۆر جار ڕەگەزی نێر تایبەتمەندیی عەقڵگەرایی هەر بۆخۆی تەرخان دەکاو لەم نێوەدا ئیحساسگەرایی بە خەسڵەتێکی دیاری ڕەگەزی مێینە دەژمێرێ. گەرچی ئەم بانگەشەیە سەلمێندراو نیەو تاکوو رادەیەك ڕەهەندێکی ئایینیی پێوە دیارە، بەڵام ئەگەر وای دانێین کە ڕاستیش بێ، بە بڕوای من ئەوە ناکرێ وەکوو دەلیل‌و نیشانەی شکۆی پیاو لە قەڵەم بدرێ. چونکە عەقڵگەرایی تایبەتمەندییەکی یەکجار پۆزەتیڤیش نیە. لێرەدا لەجێی خۆی دایە ئاور لە تەفسیرێکی " ژان پۆل سارتر" بە نیسبەت لایەنی نێگەتیڤی عەقڵگەرایی بدەینەوە. سارتر بە وردی پەردە لە سەر لایەنی ریاکاری، بەرژەوەندی‌خوازیی لە ڕادەبەدەرو .... بەتایبەت لە نێو پیاوە بەناو عەقڵگەراکان ( لە چەشنی ئایینی‌و سیاسی‌یەکەشی) هەڵدەگرێ‌و باس لەو پیاوانە دەکا کە بەرواڵەت مەعقول‌و موحتەرەم‌و لە نێو کۆمەڵگادا وەکوو کەسانێکی" متمدن"و عەقڵگەرا گەلێکی مرۆڤ دۆست دێنە بەرچاو، بەڵام لە خەڵوەت‌دا وەکوو بوونەوەرێکی درندەن‌و دوور لە هەرچەشنە بەهایەکی مرۆیی لەگەڵ ڕەگەزی مێینە هەڵسوکەوت دەکەن. هەر لەو چوارچێوەیەداو بەپێی هەمان" ناسین " لە ڕەگەزی نێری بەناو عەقڵگەرایە کە،" چارلی چاپلین " هان دەدرێ لە نامەیەك‌دا بۆ کچەکەی داوای لێ بکا کە وریا بێ کە جەستەی خۆی بە ئاسانی نەخاتە بەردەست هەر پیاوێکەوە.

لێرەدا شایانی خۆیەتی کە ئەم دانپێدانە بکەین کە لە ئیحساس-گەرایی‌دا (خەسڵەتێك کە زیاتر بە ژن نیسبەت دەدرێ) زۆر بەهای مرۆیی‌و فاکتەری پێویست بۆ پێشکەوتنی تاك‌و کۆمەڵگا دەکەونە بەر چاو کە لە عەقڵگەرایدا (تایبەتمەندییەك کە پیاو زیاتر بە خۆی نیسبەت دەدا) بەدی ناکرێ. ئەگەر هەستی مرۆییانە جێی بەرژەوەندی پەرەستی عەقڵگەرایانەی گرتبا، زۆر کێشەی هەڵواسراوی ئەم جیهانە وەك مەسەلەی دادپەروەری‌و یەکسانی، ئازادی‌و ڕێزگرتن لە مرۆڤ ، برسێتی‌و هەژاری، چەوسانەوەو... کۆتاییان پێ‌هاتبوو پێویستی بەم هەموو میکانیزمە ئیدیۆلۆژیك‌و کارەساتەکانی دواتریان نەدەبوو. هەروەها لە ڕەوتی ژیاندا ئەوە هەست‌و ئیحساسە کە بوێری‌و جەسووری‌و توانای ریسك کردن بە مرۆڤەکان دەبەخشێ کە دژی تاریکی‌و ناعەداڵەتی‌و زوڵم‌و چەوسانەوە ڕاپەڕن. لە حاڵێك دا عەقڵ لەم بوارانەدا بە پێچەوانە پتر بە قازانجی دەزانێ کە موحافزەکاریی، خۆویستی‌و تارادەیەك بێدەنگی هەڵبژێرێت. (هەڵبەت نابێ ئەم تەعبیرە وەکوو دژایەتی لەگەڵ عەقڵ ڕاڤە بکرێ، بەڵکوو تەنیا ڕەخنەیە لە عەقڵگەرایی زێدەڕۆیانە)

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هۆکارو هاندەری سەرەکیی بۆ نووسینی ئەم کورتە وتارە، هاوخەمی‌یەکە لە گەڵ تەواوی ئەو ژنانەی کە لە کوردستان‌دا دەژین‌و ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر بە هۆی زاڵبوونی دیسکۆرسی پیاوسالارییەوە سووکایەتییان پێدەکرێ‌و بەردەوام بەوە تاوانبار دەکرێن کە گوایا عەقڵیان لە پیاو کەمترەو ئیحساسیین! هاوخەمی‌یەکە لە گەڵ ئەو ژنانەی کە بە هۆی دڵپاکی‌و سەداقەتیان دەکەونە بەر دەستی ڕەشی پیاوە بە ناو عەقڵگەراکانی کۆمەڵگاوەو دواتر هەر لە لایەن ئەوانەوە سووکایەتییان پێدەکرێ‌و پەراوێز دەخرێن.

# ژن لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا



کوێستان عومەرزادە

**ئەگەر هاتو ژن بە ناهوشیارییەوە لە پۆستەکانی دەسەڵات دا دانران، (دەڵێم دانران، چونکە کەمتر وایە ژنانی نێو دەسەڵات بە ئەزموون‌و کارامەیی خۆیانەوە پۆستەکەیان وەرگرتبێ) ئەودەم ئەو پرنسیپ‌و بیرکردنەوانەی کە ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری دایڕشتوە، ڕەنگدانەوەی تەواوی لە سەریان دەبێ‌و دەتوانێ بە ئاسانی بیانخاتە ژێر کاریگەریی ئەو مەنتیقەوە. واتا ژن دەبێتە کۆپییەك لە پیاوو کردەکانی ئەویش دووبارە دەکاتەوە.**

هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگاوە دابونەریت بۆتە پێوانەیەك لە فۆرم پێدانی کۆمەڵگاداو بە پێی ئەم دابونەریتانەش کۆمەڵگە پۆلێن کراوەو تاکەکانیش بەو پێیە لە دەسەڵات دا بەشدار کراون، لە هەمان کات دا دەسەڵات هەمیشە نێرو کۆمەڵگاش پیاوسالار، ژنان هەمیشە کەمترین بەشیان لە دەسەڵات بەرکەوتووەو پیاویش بە پێچەوانەوە.

بێگومان ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا، هەر لە قۆناغی کشتوکاڵەوە بگرە تا پیشەسازی‌و پێنج قۆناغەکەی دیکە، ژن (ژنی کورد) توانیویە ڕۆڵی هەبێ‌و جێ پەنجەشی بەدی دەکرێ. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە وەکوو ژن پرسە ئەوەیە کە ئایا مێژوو چەندە بایەخی بە ژن ودەوری ژن داوە لە دوای گۆرانکارییەکان. واتە کاتێك گەیشتۆتە سەر دابەش کردنی دەسەڵات!

شتێك کە لێرەدا جێگای باسە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ژنانە، داخوا ژنان لە چ ڕێگایەکەوە، یا خود چۆن بێنە ئەو مەیدانەوەو بتوانن لە لوتکەکانی بەڕێوەبردن دا خۆیان بدۆزنەوە.

وەك دەزانین لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە شارستانییەت هەنگاوەکانی زۆر لە دوایە بووەو لە هەمان کات دا ئەمە وایکردوە کە شوێن لە سەر کەسایەتی ژنان دانێ لە کۆمەڵگایەکی نا ڕۆشنبیرو دواکەوتووو ناسەردەمییانە هەمیشە چاوەڕوان دەکرێ کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە ڕەنگدانەوەی ئەم دابونەریتە لە سەری کاریگەر بێ، ئەوەی جێی باسە لە کۆمەڵگای کوردی‌دا دابونەریت‌و یاساو ڕێساکان زیاتر بەرەوڕووی ژنان بوونەوە.

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ژن بە درێژایی مێژوو هەمیشە وەکوو مرۆڤێکی پلە دوو، یان باشترە بڵێین ژێرچەپۆك، ماوەتەوەو بێدەنگی‌و ناهۆشیاریش هەڵی لوشیوە. کە وابوو لەم کۆمەڵگایانەی کە بەم شێوە سیستمە دەچنە پێش ژنان تووشی شکست دەبن‌و لە هەمان کات دا دەبنە خاوەن سایکۆلۆژیایەکی رووخاوو بێباوەرییەکیش لەلایەن دروست دەبێ‌و، زۆرجارخۆیان ون دەکەن. لێرەدا چی بکرێ بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە رووبەڕووی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری‌و سیاسی بێتەوە تا سەرئەنجام، بە کەسایەتی‌و ناسنامەی ژنانەی خۆیەوە خۆی تێدا بدۆزێتەوە.

بە باوەری من، ئێمە کە هەمیشە بە رووماندا دراوە کە "جوانیی ژن لە بێدەنگی‌دا دەبینرێ"، دەبێ ڕێگای هۆشیاری بگرین‌و ئەو بێدەنگییەش بشکێنین. ژن بەر لەوەی کورسی دەسەڵات فریوی بدا دەبێ بتوانێ لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لە بابەت مەسەلەی ژنان دا خۆی دەوڵەمەند بکاو خوێندنەوەیەکی واقیعی‌و ژنانەی سەربەخۆی هەبێ. بۆ هەر حاڵەتێك کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مەسەلەکەیەوە هەبێ. ئەگەر هاتو ژن بە ناهوشیارییەوە لە پۆستەکانی دەسەڵات دا دانران، (دەڵێم دانران، چونکە کەمتر وایە ژنانی نێو دەسەڵات بە ئەزموون‌و کارامەیی خۆیانەوە پۆستەکەیان وەرگرتبێ) ئەودەم ئەو پرنسیپ‌و بیرکردنەوانەی کە ئایدۆلۆژیای پیاوسالاری دایڕشتوە، ڕەنگدانەوەی تەواوی لە سەریان دەبێ‌و دەتوانێ بە ئاسانی بیانخاتە ژێر کاریگەریی ئەو مەنتیقەوە. واتا ژن دەبێتە کۆپییەك لە پیاوو کردەکانی ویش دووبارە دەکاتەوە.

بەراشکاوی ئەوە دەڵێم کە ئەو ژنانەی بەو مۆدێلە کاریان کردوەو دەکەن کە لە سەرەوە باسمان کرد، هەرگیز ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی ژنان بن، بەڵکوو ئەوانە بۆ هەمیشە دەبنە پاشکۆی پیاوانی دەسەڵاتدارو وەك دیکۆر بۆ شەرعیەتدان بەو دەسەڵاتەی کە پیاو هەیەتی دادەنرێ، واتە دەبنە ئامرازی یەکسان نیشاندانی دەسەڵات!

باسی شکاندنی سنوورەکانی بێدەنگیم کرد، ئەگەر بێتو ژنان هەر لەو بێدەنگی‌و کزییەدا بمێننەوەو هەر نوقمی ناهوشیاری بن‌و بەو جۆرەش خۆ بخزێننە نێو دەسەڵات، ئەوا هەرواش لە نێو کۆمەڵێك مافی سەرەتایی‌دا خۆی توانای خۆ ئیفادەکردن، دیالۆگ‌و بەدواداچوونی قەتیس کردوە. بەڵام ئەگەر هاتو زانست‌و هوشیاری باڵادەست بوو دژی بە بێدەنگی‌دا، گومان نیە کە کۆمەڵگاش گوێی لێ دەگرێ‌و بارودۆخەکەش بەرەو باشتربوون دەچێ، ئەو دەم نە کەلتووری سەقەت دەتوانێ جێی خۆی بکاتەوەو نە ئەقلییەتی سیاسیی ناحاڵییانەش ئاوا بە ئاسانی دەستەمۆو دەسەڵاتەکەشی لێ زەوت دەکا.

ژنی کورد ئەگەر بیهەوێ لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگادا دەوری هەبێ‌و چیتر سیاسەت‌و ئەقلییەتی پیاوانە هەڵنەگرێ، یان بە واتایەکی دیکە نەبێتە بووکەڵەی دەستی هێندێك پیاوی ملهوڕ، پێویستە هەم هوشیاریی خۆی بەرێتە سەرەوەو هەمیش خوێندنەوەی خۆی هەبێ لە سەر مەسەلەکان، تەنیا ئەو کات دەتوانێ لە گەڵ ڕەگەزی بەرانبەری خۆی و بە هەمان پێگەو دەسەڵاتەوە شان بداتە ئەرك‌و فەرمانەکانی کۆمەڵگا. کۆمەڵگایەك کە خۆشی لە فۆرم پێدانی‌دا ڕۆڵی هەبووە. بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتو بیری لە هوشیاری‌و زانست‌و خۆ پێگەیاندنی فکری نەکردەوە، ئەگەر هاتو ژنبوون هانی نەدا لە ئاست مەسەلەکان جیاوازو ژنانە بفکرێ، ئەگەر لە ترۆپکی دەسەڵاتیش دا بێت هەر بە ئەندازەی پیاوێك دەتوانێ خزمەت بە مەسەلەی ژنان‌و جووڵانەوەکەیان بکات، گومانم نیە لەوەیکە ئەگەر لە سەر مەسەلەی ژنان هۆشیاریی ژنانە نەبێ، ئەوا لە چوارچێوەی دەسەڵات دا خوێندنەوە، هەڵسوکەوت‌و کردەوەی پیاوانە بە کاری فیمینیستی‌و ژنانە دەقەبڵێندرێ، کەواتە جارێکی دیکە ژن دەتوانێ بە ئاسانی خۆی‌و مافەکانی فەرامۆش بکا.

شتێکی تر کە گرنگە ئەوەیە ژنی کورد لە هەموو دەسەڵاتەکان (ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، سیاسی‌و .... بێبەش کراوە کەواتە دەبێ بە شێوەیەکی زانستییانە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم دەسەڵاتانەی کە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە خۆی تێدا بدۆزێتەوە، بە دەستیان بێنێ. دەسەڵاتی سیاسی بەس نیە بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ڕێگەیەوە مافەکانی ژنان بە دەست بێ‌و کۆمەڵگایەکی یەکسان دروست بێ. لە کۆتایی‌دا دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە شۆڕشی ژن لە یەکەم هەنگاودا پێویستی بە چەمکی هۆشیاری هەیە بۆ ئەوەی لە ناو چەمکی دەسەڵات دا جێگەی هەبێ.

# سێکۆلاریزم چییە؟

ئامادە کردن‌و وەرگێڕانی: حەلیمە رەسووڵی



جیهان تا بە ئەمڕۆ سەردەمێکی ئاڵۆزی وەك سەردەمی ئێستای بە خۆیەوە نەدیوە کە سەردەمی سەرهەڵدانی هزرو ئەندێشەکان‌و مەکتەبە جیاوازە فیکری‌و فەلسەفییەکانە. هەر بۆیە ناوی جۆراوجۆریان لە سەر ئەو سەردەمە( ئێستا) داناوە. سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکانە، سەردەمی پەیوندی‌و زانیاری، سەردەمی بە جیهانی بوونی ئابووری، رامیاریی‌و چاخی سێکۆلاریزم و سێکۆلاریزاسیۆن. ڕەنگە ئەمڕۆکە بە دەگمەن ڕاگەیاندنێگ وەك دەنگ و ڕەنگ‌و گۆڤارو ڕۆژنامەکان هەبێ کە کەڵك لە دەستەواژەی سێکۆلاریزم وەرنەگرێ‌و شرۆڤەی نەکاو باس لە بە سێکۆلار بوونی کۆمەڵگای مرۆیی واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە حاڵی گەشەکردن‌و پێشکەتن‌و هەروەها کۆمەڵگا پیشەییەکان‌و جیهانی سێهەم نەکا.

**بەڵام سێکۆلاریزم چییەو سێکۆلار کێیە؟**

دەستەواژەی سێکۆلاریزم لە وشەدا بە واتای کارو سەرقاڵی مادی‌و دنیایی‌و غەیرە ئایینی‌یە، بەڵام لە مەکتەبەکاندا بەنیزامێك دەگوترێ کە خاوەنی پرسگەلێکی روون‌و شەفاف وەك جیایی دین لە دەوڵەت، دامەزرانی دەوڵەت لەسەر بناغەی ناسیۆنالیسم، دانانی یاسا بەپێی ویست‌و داخوازی مرۆڤەکان، جەخت لەسەر بابەتیگەری لە جیاتی زەینی خوازی‌و دسەڵاتی زانستی ئەزموونی لە جیاتی زانستی گەردوونییە. سێکۆلاریزم یا سێکۆلاریتە پرۆسەیەکە نەك هەر لە وڵاتانی ئەمەریکایی‌و ئەورووپایی، بەڵکوو جێگای خۆی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم‌و لە حاڵی گەشەش دا کردۆتەوەو بەوپەڕی لێهاتوویی-یەوە تەنانەت خۆی لە ماڵانیش خستوە. سێکۆلاریزم مەکتەبێکە کە باس لە سڕینەوەو نەمانی ئایین ناکا، بەڵکوو خوازیاری جیایی ئەو لە ژیانی کۆمەڵایەتییەو ئایین بە پەیوەندیی تایبەتی مرۆڤ و گەردوون دەزانێ. لە زمانی عەرەبی دا دژە ئایین بوونیان بەواتای سێکۆلاریزم پێناسە دەکرد، بەڵام ئێستا کە کەڵك لە دەستەواژەی عیلمانی بە واتای جیهانخوازی‌و زانستخوازی وەردەگرن.

سێکۆلاریزم لە سەردەمێکی مێژوویی تایبەت دا خولقا. لە سەرەتادا وشەی سیکۆلیە بە واتای جیایی بازنەی هێزو دەست تێوەردانی کلیسەو بنکەگەلی رامیاریی‌و حکوومەتی بووەو هەیە. سێکۆلاریزم لە هەوڵی ئەوە دایە کە بنکەگەلی سیاسیی‌و حکوومەتی لە چنگی کلیسە بێنێتەدەرێ‌و بەحکوومەتیان بسپێرێ. سێکۆلاریزم لە کۆمەڵناسی دا بە واتای کورتکردنەوەی ئەرکی ڕێکخراوە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای مرۆیی‌داو ئەسپاردنی بە دەوڵەت‌و ڕێکخراوە مەدەنییەکانە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دا کە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان وردەوردە لە دەسەڵاتی کلیسە رزگار ببوون‌و بەرەو یاسایی بوون دەڕۆیشتن‌و روویان لە زانست‌و تەکنەلۆژیا کردبوو، کەسێکی بریتانیایی بەناوی "هلی یاك" بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٤٦ دا دەستەواژەی سێکۆلاریزمی هێنا بەرباس‌و خوازیاری هاتنە دەرێی فێرکردن‌و ڕاهێنان لە ژێر دەسەڵاتی کلیسە بوو، ئەو داواکاری سپاردنی ئەو دەسەڵاتە بە دەوڵەت بوو.

لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە سێکۆلاریزم واتە لە ئێستادا ژیان بە سەر بردن‌و مرۆڤی سێکۆلار بە مرۆڤێك دەگوترێ کە نە لە خەمی رابردوو دایەو نە لە بیری داهاتوو.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

## لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 487 4 June 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# لە رێوڕەسمێکی بەشکۆدا رۆژی جیهانیی منداڵان یادی کرایەوە

ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ١ی ژوئەن رۆژی جیهانیی منداڵان، یەکشەممە ١٢ی جۆزەردان رێوڕەسمێکی بەشکۆی بە بەشداریی سەدان منداڵو دەیان کەس لە لایەنگرانی مافەکانی منداڵان پێک هێنا.

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ١٢ی جۆزەردان ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ١ی ژوئەن رۆژی جیهانیی منداڵان رێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوە برد. سەرەتای رێورەسمەکە بە هەڵپەرکێی گرووپی منداڵان دەستی پێکردو پاشان بەڕێز قادر وریاوە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێش کرا. لە درێژەی بەرنامەکانی ئەم رێورەسمەدا سروودی گرووپی موسیقای دنیای منداڵانو پەیامی عەلی بداغی بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرا. ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای دەربڕینی داخو پەژارەی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی منداڵان لە رۆژهەڵاتی کوردستان چەند داواکارییەکی ناوەندەکەی لە پێوەندی لەگەڵ مافی منداڵان خستە روو. بڕگەکانی دوایی رێورەسمەکە بریتی بوون لە:



- چەند سروودو گۆرانی لەلایەن کۆڕی هونەریی ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان ـ نیشاندانی چەند تابلۆیەك لە ویستو داخوازیی منداڵان لەلایەن پۆلێك منداڵی بەشدارەوە ـ خوێندنەوەی پەیامی منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان ـ پێشکەش کردنی شانۆی شەوێلیان ـ پێشکێش کردنی دوو تابلۆی هەڵپەرکێ ـ خوێندنەوەی چەند شێعرو پەخشان لەلایەن منداڵانی بەشدارەوە ـ نواندنی چەندین حەرەکەتی رەزمیی منداڵانی کەمپەکانی حیزب.

دوایین بڕگەی رێوڕەسمەکە بە خەڵات کردنی چەندین منداڵی بەهرەمەند کۆتایی پێ هات.

# فستیڤاڵی کولتووریی هەورامان بەڕێوە چوو



لە ژێر دروشمی "لە سایەی ئازادیو دەروازەی کولتوورەوە دەچینەوە نێو جوانییەکانی هەورامان" فستیڤاڵی کولتووریی هەورامان رێکەوتی ١١ی جۆزەردان لە ئەحمەدئاواو چۆمی زەڵم بە بەشداریی جەماوەرێکی زۆر بەڕێوە چوو.

لەم فستیڤاڵەدا کە رۆژێکی خایاند لە لایەن مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان بە هاوکاریی پارێزگاری سلێمانیو چەند سەنتەرێکی رۆشنبیریی دەڤەرەکە بەڕێوە چوو، سەرەتا جەمیل هەورامی پەیامی لێژنەی بەڕێوەبەری فستیڤاڵی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان ئاماژەی بە مێژوو، جوگرافیا، زمانو کولتوورو ... هەورامان کردو بەناوی لێژنەی بەڕێوەبەری فستیڤاڵەکەوە داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە زیاتر ئاور لە ناوچەکەیان بدرێتەوەو بایەخی تایبەتی پێبدەن.

لەم فستیڤاڵەدا کە کۆمەڵێك کەسایەتیی ناودارو ناسراو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری بوون، چەندین گرووپی هونەری بە ناوەکانی "حوجرەو خەتمەی خانقا، دیوانی جافرسان، دیوانی مەحموود خانی درزلی، ماڵی بێسارانی، ماڵی سەیدی هەورامی، ماڵی مەولەوی، ماڵی قسەخۆشان، ماڵی گۆرانیبێژان، بووکە بارانێ، گسکدانی باخەکانو..." چالاکیو کارەکانی خۆیان بە شێوازی جیا جیا نواندو سەرنجی ئامادەبووانو بەشدارانی فستیڤاڵەکەیان بۆ لای خۆیان راکێشا.

جێی ئاماژەیە کە نوێنەری هەرکام لە گوندەکانی دەڤەری هەورامان لە فستیڤاڵەدا بەشدار بوونو بەشێوەی تایبەتی هەورامان ئامادەکردنی خواردنی میوانەکانیان وەئەستۆ گرتبوو.

ئەندامێکی لێژنەی بەڕێوەبەریی فستیڤاڵەکە لەم بارەوە بە "کوردستان"ی راگەیاند کە هەر بەو جۆری لە دروشمەکەماندا هاتووە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە بگەڕێینەوە نێو جوانییەکانی هەورامانو ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێویستن ئاوڕیان لێبدرێتەوە و ئەم فستیڤاڵەش لاساییکردنەوەی کاری کەسو شوێن پێهەڵگرتنی خەڵکیتر نیە و نمایشکردنی کولتوورێکی نیشتەجێبوویە کە بەپێی زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر لە شەش هەزار ساڵ تەمەنیەتی، کولتوورێك کە میراتگری رەگەزە بنەڕەتییەکانی "زمانو دینو پیشینەی مێژوویی" گەلی کوردە.




# کتێبی "ئێشو مەرگی رەحمانی کوردان" چاپ دەکرێ




نووسەرێکی وێنزۆێلایی بە ناوی خاتوو "کارۆل برۆنهۆبەر" لە نۆزدەیەمین ساڵوەگەڕی شەهید کرانی رێبەری حیزبی دێموکرات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە ساڵی ١٣٦٨ لە ڤیەنی پێتەختی ئۆتریش لە رێگەی دەستو پێوەندەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرا بە مەبەستی چاپ کردنی کتێبەکەی خۆی بە ناوی "ئێشو مەرگی رەحمانی کوردان" سەردانی کتێبخانەی "ئاڵفا"ی کرد. ئیدیتۆری کتێبخانەکە کە بە زمانی ئیسپانی کتێبەکە چاپ دەکا بەو پرسیارە وڵامی نووسەری کتێبەکەی داوە کە کێ خەمی کوردان دەخوا؟ بەڵام سەرەڕای ئەوەش کتێبەکە چاپ دەکا.

کارۆڵ ١٩٨٥ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەمر دوکتور قاسملوو چاوپێکەوتنی هەبووەو چەند جاریش لە ئورووپا سەردانی کردوە. ئەم نووسەرە بۆ نووسینی کتێبەکەی سەردانی چەندین کەسایەتیی گەورە لەوانە بێرنارد کۆشنێرو پیتەر پیلز پارلمانتاری سەر بە سەوزەکانی ئۆتریشی کردووەو هەروەها کۆمەڵێك بەڵگەی لە زمانی شایەتحاڵو ئاگادارانی تێرۆری د. قاسملووو د. شەرەفکەندییەوە لە کتێبەکەی دا هێناوەو هەموو وتەکانی نێو کتێبەکەی بە بەڵگەوە سەلماندوە.

بەر لەماڵاوایی

# ژانو ژاکانو چرۆی سیسی پێکەنینیان

### ئاوڕێك لە ژیانی منداڵانی ئێرانو کوردستان لە رۆژی جیهانی منداڵان دا

عەلی بداغی

پازدە ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆتە ریزی ئەو وڵاتانەی کۆنفانسیۆنی مافی منداڵانیان واژۆ کردوە. ئەو کۆنڤانسیۆنە داوا لە هەموو وڵاتانی ئەندام دەکا یاساکانی وڵاتەکەیان لە چوارچێوەی یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان دا دابڕێژن یان لە پێداچوونەوە بە یاساکانیان دا ئەو پرنسیپە جیهانگرەوە گشتگیرانە لەبەر چاو بگرن. کەچی لە هەموو ماوەی ئەو ساڵانەدا کۆماری ئیسلامی هیچ چەشنە هەواڵێکی بۆ گۆڕینی یاساگەلی ناتەباو نەگونجاو لەگەڵ یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان نەداوە. دیارە ئەوە لە یەکەم وەستان دا بۆ دەرەوەست نەبوونی رێژیم بە پرنسیپو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکان دەگەڕێتەوەو پاشان ئەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی واژۆکردنی کۆنڤاسیۆنی مافی منداڵانی بە پێش مەرجی ناتەباو دژ نەبوونی نێوەرۆکی کۆنڤاسیۆن لەگەڵ یاساو بنەما شەرعیو فیقهی‌یەکانی وڵات! قەبووڵ کردوە.

دیارە هەر دەوڵەتێك بەپێی رێوشوێنەکانی مافی نێونەتەوەیی بۆی هەیە لە کاتی واژۆکردنی هەر کۆنڤاسیۆنێك دا مەرجی خۆی هەبێ، بەڵام دانانی ئەو مەرجە دەبێ بەپێی ئەو مەرجە بێ کە نابێ ئەو داوایە دەرەوەستی‌یەکانی ئەو وڵاتە هیچکام لە بەندەکانی کۆنڤاسیۆنەکە خەوشدار بکا، یان رێگا بدا کە ئەو وڵاتە لە جێبەجێ کردنی دا خۆی بە بەرپرسیار نەزانێ.

بەڵام ئەو مەرجەی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ناڕەزایەتیی بەردەوامی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بەتایبەت "کومیتەی راپۆرت نووس" [CRC] ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە کردەوە وای کردوە کە رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەرەوەستی جێبەجێ کردنی هیچ کام لە بەندەکانی کۆنڤاسیۆنی مافی منداڵان نەبێو هیچ چەشنە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە یاساکانی وڵات دا بە قازانجی مافی منداڵان پێك نەهێنێ.

هەر بۆیەش رێژیمی ئیسلامی هەر لە یەکەم هەنگاو واتە لە پێناسەی منداڵ را بگرە تا جیاوازی‌دانان لەنێوان منداڵان، پاراستنی مافو بەرژەوەندییەکانی منداڵان، بە رەسمی ناسینی مافی ژیان بۆ منداڵان، بە رەسمی ناسینی مافی شوناسی منداڵان، مافی ژیان لەگەڵ دایكو باوك بۆ منداڵان، مافی دەربڕینی راو بۆچوونو دەستڕاگەیشتن بە زانیاریو مافی ئازادیی دینو بیرکردنەوە بۆ منداڵان، مافی خوێندن بە زمانی زگماگیو پەروەردەو فێرکردن، مافی هەبوونی ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بە پێی ستاندارده جیهانی‌یەکان بۆ منداڵ، مافی پێڕاگەیشتنو چاوەدێریی تایبەت بۆ منداڵانی کەم ئەندامو نقوستانو تەنانەت سەرەتایی‌ترین مافەکانی وەك مافی خۆشگوزەرانیو رابواردن بۆ منداڵان دا نەك دەرەوەستی ئەرکەکانی خۆی نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانە دۆزەخێکی گەورەشی بۆ منداڵانی ئەو وڵاتە خوڵقاندوە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٧ ی زایینی دا ٧ منداڵی بە پێچەوانەی هەموو پرنسیپە نێونەتەوەیی‌یەکان ئیعدام کردوەو پەروەردەی ئیدیۆلۆژیکیی رێژیم بۆ پێکهێنانی ئەرتەشی ٢٠ میلیۆنی لەنێو منداڵانو مێرمنداڵان دا زۆر بە جیددی کاری بۆ دەکرێ. ئەمڕۆکە لە سایەی تێڕوانینی ناسەردەمیانەی رێژیمی ئیسلامی دا بۆ مرۆڤو مافی منداڵ دا دەبینین کە دۆخی منداڵ لە ئێران دا ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ. ئەمڕۆ لە ئێران دا رێژەی منداڵانی سەر شەقامو کارتۆن‌خەو هەر دێو زیاد دەکا. دیاردەی منداڵانی کار، واتە وەبەرکارنانی منداڵان هەروا پەرەدەستێنی، گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، قوتابخانە سەرەتاییەکانیشی گرتۆتەوەو تەمەنی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە نێوان منداڵان دا ساڵ بە ساڵ زیاتر دادەبەزێ.

ئەمڕۆکە هەزاران منداڵی قوربانیی هەژاریو دەستەنگی، لە گرتووخانەکانی رێژیم دا بە تاوانی تاوانکاری، ساتەکانی منداڵیان تێپەڕ دەکەنو بەشێکی زۆر لەو منداڵانەش لە چاوەڕوانیی ئەوە دان هەرچی زووتر بە تەمەنی یاسایی! بگەن هەتا حوکمی ئێعدامیان لەسەر بەڕێوە بچێ.

ئەمڕۆکە لە تەنیشت کەمتەرخەمیو خۆدزینەوەی ناوەندە بەرپرسیارەکانو پێشێلکاریی مافی منداڵان دا بە شێوەیەکی ئۆرگانیکیو سیستماتیك لەلایەن رێژیمەوە ژیانی منداڵان واتای ژانو ژاکانە.

لەو نێوەدا بارودۆخی منداڵانی کورد دڵتەزێنترە. سەرگەرمیو خۆشگوزەرانیی منداڵانی کورد چ لە کاتی خوێندنو چ لەکاتی پشووی هاوینی دا بۆ دەسکەنەو بژارو تەونو کوڵبەریو میوەڕنینو دەستگێڕی گۆڕاوە. خشت بڕین، راخستنی پاستاوەکانی کوورەخانەو "فەنەر لێدان"و دانو ئاو تێکردن بۆ مریشكو جووجکە لە شوێنەکانی پەروەردەی مریشك داو کار لە مەزراکان لە قرچەی گەرمای هاوین داو رەوەزو شاخو دۆڵ بڕین بە کۆڵێك بارو...، دیمەنی تاڵی بەشێك لەو منداڵانەی کوردن کە بە حەسرەتەوە لە ئێستاو داهاتووی خۆیان دەڕوانن.

ئەوەی کە بۆ رێژیمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە تێڕوانینو سیاسەتو پلانو بەرنامەیان لە هەمبەر منداڵانو پەروەردەو پێڕاگەیشتنیان وەك سیاسەتو تێڕوانینەکانی دیکەیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا ناسەردەمیانەو سواوەو تەنیا لە خزمەتی بەرژەوەندی‌یە ئیدیۆلۆژی‌یەکانیان دایەو هەر بۆیەش لە رێژیمێکی دژی گەلیو پێشێلکاری مافی مرۆڤو بایەخە مرۆیی‌یەکان دا ناتوانرێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە رێز لە منداڵانو مافی منداڵان بگیرێو داهاتوویەکی گەشو ژیانێکی شیاوی مرۆڤیان بۆ دابین بکا.